کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# گۆڤاری پێشڕەو

۴۹۴

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ۴۹۴ – پووشپەڕی – جولای ۲۰۲۶





## زەروورەتی یەکگرتنی هەڵسووڕاوانی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری لە دەوری ستراتیژی سۆسیالیستی

## بەردەوامی نارەزایەتی کرێکاران لەسەر بەستێنی پەرەسەندنی هەژاری و نەهامەتی ئابووری



## ۱۸ی پووشپەڕ وەبیرهێنەرەوەی بزووتنەوەی پڕشکۆی خوێندکارانە

## هەڵگرتنی گەمارۆ ئابوورییەکان بە واتای باشتربوونی ژیانی کرێکاران نییە

## ڕەهەندە کارەساتبارەکانی مەرگی بێدەنگی کرێکاران لە ژینگەکانی کاردا

## ئاژاوەگێڕی و باجخوازی کۆماری ئیسلامی و مەترسیی هەڵگیرسانەوەی شەڕ

### سەروتار

## فیدرالیزم کۆتایی بە ستەمی نەتەوەیی ناهێنێت

ئەو حیزب و لایەنانەی کە ئەمڕۆ خوازیاری دامەزراندنی سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی فیدرالی لە ئێرانن، لە فرەنەتەوەیی بوونی ئێرانەوە بەم "ڕێگاچارە"یە دەگەن. فیدرالیزم بۆ ئەوان وڵامێکە بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێران. بەڵام مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێران وەک هەموو شوێنێکی تر بابەتێکی تایبەتە. هەر بۆیە کێشەی لایەنگرانی فیدرالیزم کاتێک ئاشکراتر دەبێت کە بیانهەوێ چوارچێوەی ئینسانی و جوگرافیایی ئەو نەتەوانەی کە گۆیا فیدرالیزم دەبێ گیروگرفتەکانیان چارەسەر بکات، دیاری بکەن. نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران بە چ پێوەرێک دیاری دەکرێن و سنووری جوگرافیایی دەسەڵاتی نەتەوەیی داهاتوویان لە چوارچێوەی ئێراندا چۆن دەستنیشان دەکرێت؟ تێئۆریسیەنەکانی پڕۆژەی فیدرالیزم بۆ ئێران، هەتا ئێستا نەیانتوانیوە وڵامێکی ڕوون بەم پرسیارە بدەنەوە

بەڵام سەبارەت بە مەسەلەی کورد وەک مەسەلەیەکی دیاریکراو و فیدرالیزم وەک ڕێگاچارەیەک بۆی، وڵام بەو پرسیار و ئیبهامانەی کە لەم بوارەدا دێنە گۆڕێ، ڕوونترە. لە کوردستان بزووتنەوەی جەماوەری و خەباتێکی دەیان ساڵە دژبە ڕژیمە دەسەڵاتدارەکان و دژبە ستەمی نەتەوایەتی لە ئارا دابووە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە خاوەنانی پڕۆژەی فیدرالیزم بۆ هەموو ئێران، ئەم مێژوویە فەرامۆشی دەکەن و تایبەتمەندیی مەسەلەی کورد بەڕەسمی ناناسن و فیدرالیزم وەک نوسخەیەکی یەکسان بۆ هەموو ئێران دەپێچنەوە!! کەم نین ئەو ناسیۆنالیستە "چەپ" و ڕاستە ئێرانییانەی کە تەنیا بەهۆی لەبەرچاونەگرتنی تایبەتمەندی کوردستان لەناو پڕۆژەی فیدرالیستەکانی کوردستاندا، ستایشی ئەم جۆرە گەڵاڵانە دەکەن

هەروەک ئاماژەی پێدرا مەسەلەی کورد لە ئێران مەسەلەیەکی مێژوویی و تایبەتە کە پێویستی بە وڵامێکی دیاریکراوە. فیدرالیزم وەک چارەسەرێک بۆ ستەمی نەتەوایەتی کە حیزبە ناسیۆنالیستەکان لە کوردستان ئاڵاهەڵگری ئەم گەڵاڵەیەن، تەنیا سەراوێکە و توانای ڕیشەکێش کردنی ستەمی نەتەوەیی نییە و بۆ باقی خەڵکی ئێرانیش لە موناسباتی نێوانیاندا، هەنگاوێک بەرەو دواوەیە. فیدرالیزم نەتەنیا هیچ جۆرە

کێشەوگرفتێک چارەسەر ناکات، بەڵکوو دەبێتە بارێک لەسەر شانی ئەو جەماوەرەی کە بەخاتری دەسەڵاتی ڕژیمی سەرمایەداری هەزار و یەک دەردی تر بەرۆکی گرتوون

لە ئێران، تەنیا مەسەلەی کورد وەک مەسەلەیەکی نەتەوەیی بزوێنەری بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بەرین بووە و داخوازی دیاریکراوی هێناوەتە گۆڕێ. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا لە هیچ گۆشەیەکی ئێران بێجگەلە کوردستان، خواستی نەتەوایەتی لە ئاستێکی بەرچاودا نەهاتووەتە گۆڕێ و خەباتێکی جیددی بۆی سەریهەڵنەداوە. کەوابوو بۆچی و بە چ هۆکارێک کەسانێک کە خۆیان بە خەباتکارانی بزووتنەوەی چینایەتی دەزانن، دەبێ مەسەلەیەکی ئاوا پەراوێزخراو گەورە بکەنەوە و پاشان ڕێگاچارەی بۆ بتاشن؟ دیارە وەها سیاسەتێک هیچ پەیوەندییەکی بە چالاکی کۆمۆنیستییەوە نییە. ئەو جەماوەرەی کە پێکەوەن و هاوڕێ لەگەڵ یەکتر ڕژیمی دیکتاتۆری شایان ڕووخاند و بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن و شان بە شانی یەکتر بەرەنگاری کۆسپەکانی ژنانیان دەبنەوە، جەماوەرێک کە کۆتایی هاتنی چەوسانەوە و هەژاری و بێ مافی ئاواتی هاوبەشیانە، بۆچی تەنیا بەهۆی جیاوازبوونی زمان، کلتوور، و سوننەتەکانی ژیانیان، لێکیان جیا بکەینەوە و لە قالبی نەتەوەیی و قەومی تازەدا ڕێکیان بخەین، ئەویش لە حاڵێکدا کە خۆشیان خوازیاری ئەوە نین؟ بۆچی لەجیاتی ئەوەیکە پێناسەی ئینسانی و چینایەتییان بەرجەستە بکەینەوە، جیاوازی نەتەوەیی و قەومی، سوننەتی مەحەلی و زمان و زاراوەیەک کە قسەی پێدەکەن، دەبێ بکرێتە نیگەرانی و مەسەلەیان؟ لەژێرناوی گیلەکی، مازەندەرانی، تورک، عەرەب، بەلووچ، تورکمان، قەشقایی، بەختیاری، ئەرمەنی، جوو، مەسیحی، شیعە، سوننی و هتد دابەشیان بکەین و بەستێنی دووبەرەکایەتی و ناکۆکی نەتەوەیی و ئایینی لەناویاندا پەرەپێبدەین و ئەم شێوازەش "ڕێگاچارەی مەسەلەی نەتەوەیی" ناولێبنێین؟ مەسەلەیەک کە لە ژیانی واقعیی خەڵکدا، بێجگەلە خەڵکی کوردستان، لە هیچ شوێنێکی تر بزووتنەوەیەکی لێنەکەوتووەتەوە. هەر بەو دەلیلەیە کە دەڵێین هێنانەگۆڕی فیدرالیزم لەسەر بنەمای قەوم و نەتەوە بۆ ئێران هەنگاوێکە بەرەو دواوە و ڕێگایەکی پڕمەترسییە بۆ داهاتووی جەماوەرێک کە لەم وڵاتە دەژین

مەسەلەی بەڕێوەبەرایەتی دیمۆکراتیک و ئەوەیکە پێی دەوترێ "لامەرکەزی"، بەر لە هەموو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ ناوەرۆک و ماهییەتی دەوڵەتی ناوەندی. بەپێی ئەوەیکە کامە دەوڵەت و بە کام ناوەرۆکی چینایەتی و سیاسییەوە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، دەتوانین قەزاوەت لەسەر بەڕێوەبردنی دیمۆکراتیکی وڵاتێک بکەین، نە لە ڕووی شکڵ و قەوارەیەک کە دەوڵەتێک، سەربەخۆ لە ماهییەتی سیاسی و چینایەتییەکەی، بەڕواڵەت بەخۆی گرتووە

هەربۆیە بۆ ئێمە بەر لەوەیکە باس لە فیدرالیزم و غەیرەفیدرالیزم بکرێت، بابەتی سەرەکی ماهییەتی چینایەتیی دەوڵەتی ناوەندییە. کەسانێک کە ئەمڕۆ ئەم مەسەلەیە دەکەنە مەشغەڵەی جەماوەری خەڵک و هەوڵ دەدەن لەجیات باس کردنی ماهییەتی دەوڵەت و بەرنامە کۆمەڵایەتییەکانی، بیروڕای گشتی خەڵک بەرەو قەوارە و شکڵی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی داهاتوو بەرن، بەکردەوە دەیانهەوێ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لەجیات خەباتی ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو بۆ ڕووخاندنی ڕژیم و دامەزراندنی دەسەڵاتی چینایەتیی خۆیان، بەرەو ئاسۆی ناڕۆن ڕابکێشن و بیانکەنە هێزی پشتیوانی پڕۆژەکانی بۆرژوازی لە ئێران

لەم ڕوانگەوەیە کە دەڵێین درووشمی فیدرالیزم بەر لە هەموو شتێک ناوەرۆک و ماهییەتی چینایەتی دەوڵەتی ناوەندی بە فەرامۆشی دەسپێرێت. لە ناخی وەها گەڵاڵەیەک بۆ داهاتووی ئێران، خەتی مەشیی سازشکارانە لەگەڵ بورژوازی ئێران شاراوەیە. ئەوان هەر لە ئێستاوە دەیانهەوێ، ماهییەتی دەوڵەتی ناوەندی داهاتوو و تەنانەت ڕژیمی ئێستا لە خەڵک بشارنەوە. بابەتی سەرەکی ئەوە نییە کە وڵات بەشێوەی فیدرالی یان غەیرەفیدرالی بەڕێوەبچێت، بەڵکوو مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەم وڵاتە بە پێی کام بەرژەوەندی چینایەتی بەڕێوەبچێت؟

مەسەلەی کورد لە ئێران، مەسەلەیەکی تایبەت و دیاریکراوە و ناکرێ بە شێوەی دڵخواز بکرێتە مەسەلەی هەموو ناوچەکانی ئێران. ئەم مەسەلەیە تایبەتمەندی مێژوویی خۆی هەیە. مەسەلەی کورد نەتەنیا مەسەلەیەکی ئێرانی، بەڵکوو مەسەلەکی ناوچەییە و لە وڵاتانی دیکەی وەک عێراق، تورکییە و سووریە بزووتنەوە جەماوەرییەکان بەم هۆکارە پێکهاتوون و بوونیان هەیە. خەڵکی کوردستان بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی خۆیان، بۆ بەڕەسمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس، واتە بەهرەمەندبوون لە مافی پێکهێنانی دەوڵەت و دەسەڵاتداریەتیی خۆیان خەباتیان کردووە. مادام کە ئەم جەماوەرە لە ئێرانیش بیانهەوێ جیا ببنەوە و وڵاتی سەربەخۆی خۆیان پێکبێنن، پێویستە ئەم مافەیان بەڕەسمی بناسرێت و ڕێگا بۆ وەدیهاتنی ئەم مافە خۆشبکرێت. ئەم جەماوەرە خوازیاری کۆتایی هاتنی ستەم و سەرکوتێکن کە دەوڵەتانی ناوەندی بەسەریاندا سەپاندوون. ئەم جەماوەرە بەنیازن ئامرازی سەرکوت و ستەم لە دەست دەوڵەتی ناوەندی بێننە دەر. بەڵام لەژێرناوی "ڕێگاچارە"ی فیدرالیستی، هەموو ئیختیاراتێک لەم بوارانەدا، بە دڵاواڵەییەوە بە دەوڵەتی ناوەندی دەسپێردرێت

بۆ نموونە: بە پێی گەڵاڵەی فیدرالیزم، ئەرتەشی ناوەندی بە هەموو دامودەزگای ئەمنی، پارە و سیاسەتی ئابووری و دەرەکی، هەر هەموویان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی حکوومەتی فێدراڵی کوردستان دەچنە دەر. فیدرالیستەکان مودەعین کە بە هێنانەگۆڕی درووشمی فیدرالیسم، گۆیا وڵامیان بە خواستی "دەسەڵاتی نەتەوەیی" داوەتەوە. بەڵام ئەوە چ دەسەڵاتێکی نەتەوەییە کە لەژێر سێبەری ئەرتەش و دامودەزگای سەرکوتگەری دەوڵەتی ناوەندیدا پێکدێت و چاوەڕوانی بەرنامەڕێژانی بورژوازی لە تارانە کە سیاسەتە ئابوورییەکەی بۆ داڕێژن و هەرکات پێویست بوو لەژێر گوشاری گەمارۆی ئابووریدا بیخنکێنن؟ ئەوە چ دەسەڵاتێکی نەتەوەییە کە بە هۆی کۆنترۆڵی سیاسەتی دەرەکی، ڕێگەی پێنادرێت کە هاواری نەتەوەی کورد بە دەرەوە بگات و تەنانەت ئیزنی ئەوەی نییە کە لەگەڵ ڕێکخراوی پێشکەوتوو و مرۆڤدۆست پەیوەندی بگرێت؟!

کەوابوو ئەو پارت و هێزە ناسیۆنالیستانەی کە ڕێگاچارەی فیدرالی بۆ خەڵکی کوردستانی ئێران تەجویز دەکەن، لەڕاستیدا بیر لە بەشداری و بەشخوازی خۆیان لە دەسەڵاتی سیاسی دەکەنەوە و سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە ئێران کە بە ڕواڵەت سینگی بۆ دەکوتن، ڕاستگۆ نین. سنووردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی پێویستە لە خزمەت ڕووخاندنیدا بێت. پێویستە لە خزمەت گۆڕینی ماهییەتی چینایەتی و سیاسی ئەم ڕژیمەدا بێت. خەڵکی کوردستان تەنیا کاتێک بە مافی پێشێلکراوی خۆیان دەگەن کە شان بە شانی باقی هاوچارەنووسانیان لە ئێران بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕژیمە و بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێک هەوڵ بدەن کە مافی دیاریکردنی چارەنووس واتە مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیان، بۆ بەڕەسمی بناسێت و کۆتایی بە هەموو شێوەکانی ستەمی نەتەوەیی لە سەرتاسەری ئێران بێنێت

❊❊❊



## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

# بۆ مەحکوومکردنی قەتڵی سیاوەش ئەلەک لاوی ١٩ ساڵەی مەهاباد بە دەستی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی

ڕۆژی چوارشەممە ١٠ی پووشپەڕی ١٤٠٥، بەرامبەر بە ١ی جوولای ٢٠٢٦، بەدوای پەلاماری گرووپێک لە هێزەکانی بەسیج و بەکرێگیراوە ناوچەییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە مەهاباد، لاوێکی ١٩ ساڵە بە ناوی "سیاوەش ئەلەک"، کەوتە بەر زەبری چەقۆی ئەو بەکرێگیراوانە و بە سەختی بریندار کرا، کە بەداخەوە پاش چەند کاتژمێرێک بەهۆی سەختی برینەکانیەوە گیانی لەدەست دا. لەم پەلامارە دڕندانەیەدا چوار لاوی تریش بە سەختی بریندار بوون. بەکرێگیراوانی بەسیجی ڕژیمی ئیسلامی بەدوای ئەم جینایەتە، بە مەبەستی دروستکردنی کەشوهەوای ترس و تۆقاندن لە شەقامەکاندا، دەستیان دایە ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلەکان و هەراسانکردنی خەڵک. بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەم تاوانە، شەپۆلێک لە تووڕەیی و بێزاریی خەڵکی مەهابادی بەرامبەر بە حکوومەتی ئیسلامی لێ کەوتەوە. جەماوەری ناڕازی لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا لە بەردەم نەخۆشخانەی شاردا کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان پێک هێنا و بە دروشمدان دژی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم، ناڕەزایەتی خۆیان بەرامبەر بەم جینایەتە دەربڕی

هێرشی هێزە ئەمنییەکان و یەکەی دژە خۆپیشاندانی ڕژیم، کۆبوونەوەی جەماوەری بەرەو توندوتیژی برد. ڕۆژی پێنجشەممە ١١ی پووشپەڕ بە خۆبواردنی ڕژیم لە ڕادەستکردنەوەی تەرمی سیاوەش بە بنەماڵەکەی، کەشی شار زیاتر ئاڵۆز بوو و بەشێکی زۆر لە بازاڕیان و کاسبکاران وەک ناڕەزایەتییەک دژی جینایەتێکی لەم چەشنە، دوکان و بازاڕی خۆیان داخست و دەستیان دایە مانگرتن. ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕژیم لە ترسی تەشەنەسەندنی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان، باوکی جەرگسووتاوی ئەو لاوەی بانگهێشت کرد و بە هەڕەشە و وەرگرتنی بەڵێننامە لێی بۆ ڕێگریکردن لە کۆبوونەوەی خەڵک و بەڕێوەنەبردنی ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردن و پرسە، تەرمە بێگیانەکەیان ڕادەستی بنەماڵەکەی کرد. سەرەڕای ئەمانەش و لەگەڵ ئەوەی هێزەکانی حکوومەت گۆڕەپانە سەرەکییەکانی شاریان داخستبوو، ڕێوڕەسمی بەڕێکردن و بەخاکسپاردنی تەرمی سیاوەش بە ئامادەبوون و ڕێپێوانی بەرفراوانی خەڵکی خەباتکاری مەهاباد و بە دروشمدان دژی ڕژیم بەڕێوە چوو

ئەگەرچی فەرماندار و فەرماندەی هێزی ئینتیزامی ڕژیم لە مەهاباد بۆ دامرکاندنەوەی تووڕەیی و ناڕەزایەتی جەماوەر ڕایانگەیاند کە "بکوژەکە خۆی ڕادەست کردووە"، بەڵام خەڵک باش دەزانن کە لە حکوومەتی ئیسلامیدا کاربەدەستان و بەکرێگیراوانی سەرکوتگەر و لات و لووتەکانی بەسیج، یان هەمان هێزە ئاتەش بە ئیختیارەکانی ڕژیمی ئیسلامی، لە پارێزبەندیی قەزایی بەهرەمەندن و لە بەرامبەر زۆرداری و دەستدرێژیکردنە سەر گیان و ماڵی خەڵکدا وەڵامدەر نین و سزا نادرێن؛ چونکە ئەوان بەشێکن لە ماشێنی سەرکوت.

خەڵکی کوردستان چەندین جار، لەوانەش بەدوای قەتڵی "شوانە سەیدقادری" لە هاوینی ساڵی ١٣٨٤ لە مەهاباد، بە دەربڕینی ناڕەزایەتی و بەڕێوەبردنی مانگرتنی سەرتاسەری لە کوردستان، بە ڕژیمی ئیسلامییان نیشان داوە کە جینایەتی لەم چەشنە بێ وەڵام ناهێڵنەوە. ناڕەزایەتی خەڵک و مانگرتنی بازاڕیانی مەهاباد ئەم جارەش نیشانی دا کە کۆمەڵگا لە بەرامبەر کوشتار و سەرکوتی حکوومەتی ئیسلامیدا چاوترسێن نابێت و بە پشتبەستن بە هێزی ناڕەزایەتیی یەکگرتوو و هاوپشتیی خۆی، ئەو هێز و توانایەی هەیە کە ڕژیم و بەکرێگیراوەکانی ناچار بە پاشەکشە بکات

کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، کوشتنی سیاوەش ئەلەک و سەرکوتگەریی بەکرێگیراوانی حکوومەتی ئیسلامی بە توندی مەحکووم دەکات و وێڕای دەربڕینی هاوخەمی و سەرەخۆشی بۆ بنەماڵەی داغداری "سیاوەش ئەلەک" و خەڵکی مەهاباد، پشتیوانی لە داواکاری ڕەوای بنەماڵەی ئەم گیانبەختکردووە و جەماوەری مەهاباد بۆ سزادانی بکوژەکە و هاودەستەکانی تری دەکات. بێگومان خەڵکی تێکۆشەری مەهاباد، بەو ئەزموون و دەسکەوتە بەنرخە خەباتکارانەی کە هەیانە، تەنیا بە پتەوکردنی یەکڕیزی و هاوپشتی و درێژەدان و پەرەپێدانی ناڕەزایەتییەکان دژی کردەوەی سەرکوتگەرانەی هێزەکانی ڕژیم، دەتوانن ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە دەستدرێژیکردنە سەر گیان و ماڵی خەڵک پاشەکشە پێ بکەن و ئەم خواستە ڕەوایە بەسەر کاربەدەستانی ڕژیمدا بسەپێنن

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**

**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

١١ی پووشپەڕی ١٤٠٥

٢ی جوولای ٢٠٢٦

❊❊❊



# زەروورەتی یەکگرتنی هەڵسووڕاوانی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری لە دەوری ستراتیژی سۆسیالیستی

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ستراتیژیی سۆسیالیستی کە پێویستە هەڵسووڕاوانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری لە دەوری یەکبگرن، پەرەدانە بە مانگرتن و ناڕەزایەتییەکان لەسەر بنەمای داواکارییە هەنووکەییەکانی کرێکاران. ئەم بنەما ستراتیژییە لە چەند ڕوویەکەوە گرنگی هەیە: مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان گرنگترین سەنگەربەندیی چینی کرێکارن لە بەرامبەر پەلاماری دەوڵەت و سەرمایەداران بۆ سەر کار، ژیان و بژێویی کرێکاران. مانگرتن و ناڕەزایەتییەکانی کرێکاران کاریگەرترین میکانیزمی خۆڕێکخستنن، ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە بۆشاییدا دروست نابن، بەڵکوو لە ڕەوتی ناڕەزایەتی و مانگرتندایە کە کرێکاران لە ئاستی جەماوەریدا لە پێویستی خۆڕێکخستن تێدەگەن. سۆسیالیستەکان بە پەرەپێدان و بەشداری چالاکانە لەم بزووتنەوە ناڕەزایەتییانەدا، لە کردەوەدا نیشانی دەدەن کە نەک تەنیا سەبارەت بە داهاتووی چینی کرێکار، بەڵکوو سەبارەت بە دۆخی کار، ژیان و بژێوی ڕۆژانەی کرێکارانیش خۆیان بە خەمخۆر و بەرپرسیار دەزانن و بۆیان گرنگە کە نانێک بخەنە سەر سفرەی بنەماڵە کرێکارییەکان. لە جەرگەی ئەم ناڕەزایەتییانەدایە کە سۆسیالیستەکان و ڕادیکاڵەکانی بزووتنەوەی کرێکاری دەتوانن ئەم هۆشیارییە ببەنە ناو ڕیزەکانی کرێکاران کە بۆ کۆتاییهێنان بە هەژاری و نەهامەتی ئابووری و بێمافییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێستا، و بۆ گەیشتن بە ئازادی و خۆشگوزەرانی، نەک تەنیا دەبێ دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو دەبێ دژی پەیوەندییە سەرمایەدارییە زاڵەکانیش ڕاپەڕن

بنەمایەکی دیکەی ستراتیژی سۆسیالیستی، بەرزکردنەوەی ئاستی خۆڕێکخستنی چینی کرێکار و پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتییەکانی کرێکارانە لە جەرگەی خەباتە بەردەوامەکاندا. لەم بوارەدا پێش هەر شتێک پێویستە دەستکەوتەکانی تا ئێستای بزووتنەوەی کرێکاری بە فەرمی بناسرێن. کۆمیتەکانی کارگە، کۆمیتەکانی مانگرتن، کۆبوونەوە گشتییەکان، ڕێکخراوەکانی مامۆستایان، خانەنشینان، پەرستاران و شۆفێرانی بارهەڵگر... کە چرۆی شورا کرێکارییەکان و سەندیکا و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی دیکەی کرێکارانن، بەرهەمی هەمان ڕەوتی خەباتی تا ئێستان. پێویستە سۆسیالیستەکانی بزووتنەوەی کرێکاری بە پشتبەستن بە ئەزموونەکانی تا ئێستا و بە لەبەرچاوگرتنی بوونی کادری بەئەزموون لەم بوارەدا، پرۆژەیان بۆ دروستکردنی ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتییەکانی کرێکاران لە کەرتە جیاوازەکاندا هەبێت، تاوەکوو لە ڕێگەی باشتربوونی هاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندی چینی کرێکاردا، ئەم هەوڵانە بەرهەم بهێنن

بنەمایەکی دیکەی ستراتیژیی سۆسیالیستی لە هەلومەرجی

ئێستادا، هەوڵدانە بۆ سەرتاسەری کردنی مانگرتنە کرێکارییەکان. لە هەلومەرجی ئێستادا کە نەبوونی ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتییە سەرتاسەرییەکانی کرێکاران وەک کۆسپێکی جدی لە بەردەم سەرتاسەری بوونی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکان و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریدا دێتە ئەژمار، پێکهێنانی دامەزراوەیەک کە پێکهاتبێت لە نوێنەرانی ڕێکخراوە و ناوەندە ڕیشەدار و سەربەخۆ کرێکارییەکان، هەروەها ئەو ڕێبەر و هەڵسووڕاوانەی کە لە ناوەندە گەرمەکانی خەباتی کرێکاراندا ئامادەییان هەیە و خاوەنی پەیوەندییەکی زیندوو و ئۆرگانیکن لەگەڵ کرێکاراندا، دەتوانێت تا ڕادەیەک ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە. دروستکردنی دامەزراوەیەکی لەم شێوەیە دەتوانێت ڕۆڵی خۆی لە پێوەنددان و سەرتاسەری کردنی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکاندا بگێڕێت

بۆ سۆسیالیستەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، دیاریکردنی وردی دروشمە تاکتیکی و ستراتیژییەکان گرنگییەکی یەکلاکەرەوەی هەیە. چونکە جەماوەری کرێکاران و بێبەشانی کۆمەڵگا لە دەوری ئەو دروشمانە یەکدەگرن کە گوزارشت لە پێداویستییە ڕاستەقینە و دەستبەجێیەکانیان دەکەن. دیاریکردنی ئەو دروشمانەی کە ڕیشەیان لە قووڵایی کۆمەڵگەدایە، دەتوانێت پەیوەندیی سۆسیالیستەکان لەگەڵ کۆمەڵگەدا قووڵتر بکاتەوە. بۆ نموونە دروشمی "نان، کار، ئازادی" کە لە هەناوی ڕاپەڕینی بێبەشانی کۆمەڵگەوە سەری هەڵداوە و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان بەیەکەوە گرێ دەدات، دەتوانێت یەکێک لەم دروشمە تاکتیکییانە بێت. یان دروشمەکانی وەک "زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێت"، "سزای لەسێدارەدان دەبێ هەڵبوەشێتەوە"، ئەو دروشمە تاکتیکییانەن کە جەماوەری بوونیان دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لە پاشەکشەپێکردنی دەزگای سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامیدا بگێڕێت. یان جەختکردنەوە لەسەر داواکارییەکانی وەک تەندروستی و دەرمانی بێبەرامبەر، خوێندنی بێبەرامبەر و بیمەی بێکاری، پێویستە لە دروشمە تاکتیکییەکاندا ڕەنگ بدەنەوە. لە جەرگەی ئەو هەژاری و نەهامەتییەی کە حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران بەسەر زۆرینەی خەڵکی ئێرانیدا سەپاندووە، ئەم داواکارییانە جێگەی پەسەندی کۆمەڵگەن. هەروەها دروشمە ستراتیژییەکانی "ئازادی، یەکسانی، بەڕێوەبردنی شورایی" یان "نان، کار، ئازادی، بەڕێوەبردنی شورایی"، ئەو دروشمانەن کە لە هەمان کاتدا ئامانجگەلی شۆڕشگێڕانە و خەبات بۆ سۆسیالیزم بە کردەوەی سیاسی ڕۆژانەوە گرێ دەدەن، و وێنایەکی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لە قۆناغی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەخەنە ڕوو، هاوکات سنوورێکی یەکلاکەرەوەش لەگەڵ ئەو هێزە ئۆپۆزیسیۆنە بۆرژوازییانە دادەنێن کە خوازیاری دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی سیاسین لە سەرووی سەری خەڵکەوە

شەڕی چل ڕۆژە، هەموو حیزب و هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی خستە بەر مەحەکی تاقیکردنەوە. پاشایەتیخوازە فاشیستەکان، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵك، هەندێک لە ڕەوتە کۆماریخوازەکان، حیزبە ناسیۆنالیستەکان لە کوردستان کە ساتژمێریان بۆ هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل دەکرد، جارێکی دیکە بێگانەبوونی خۆیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەمدیتەی ئێران نیشان دا. لە کاتێکدا بۆردومانی ژێرخانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵکوژی منداڵان و خەڵکی بێدەرەتان، پەرەسەندنی بێکاری، هەڵاوسانی کۆنترۆڵنەکراو و قووڵبوونەوەی هەژاری و نائەمنی، کۆمەڵگەی گەیاندبووە لێواری داڕمان، ئەم بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن هەروا دەهۆڵی بەردەوامبوونی شەڕیان دەکوتا، بەو هیوایەی لە ڕێگەی هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلەوە کۆماری ئیسلامی بڕووخێنن و بە دەستبەسەرداگرتن و دابەشکردنی دەسەڵات لە سەرووی سەری خەڵکەوە، دیکتاتۆرییەکی سەرمایەداری نائایینی بکەنە جێنشینی دیکتاتۆری ئایینی. لەبەر ئەمە یەکێک لە ئەرکە تەوەرەییەکانی هەڵسووڕاوانی سۆسیالیست، دەرهێنانی خەڵکە لە ژێر هەژموونی ستراتیژی و سیاسەتەکانی ئەم بەشە لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی. هاوکات دەبێ ماهییەتی کۆنەپەرستانەی هەڵوێست و کارکردی هێزەکانی "چەپی میحوەری موقاوەمەت" ئاشکرا بکرێت، کە ستراتیژی پێشگیرانە و شەڕخوازی کۆماری ئیسلامی وەک بەشێک لە بەرگریکردن لە بەرامبەر هەژموونی سەرمایە و ئیمپریالیزمدا دەناسێنن. چەپی لایەنگری میحوەری موقاوەمەت، بە بەرگریکردن لە کارنامەی پڕ لە تاوانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆی ئێران و پاڵپشتیکردن و پڕچەککردنی گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکانی ناسراو بە "میحوەری موقاوەمەت"، لە ڕاستیدا گرێدراویی قووڵی خۆی بە ناسیۆنالیزم و پاوانخوازیی سەرشۆڕانەی سوپای پاسداران و لە هەمان کاتدا دژایەتی خۆی لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێراندا سەلماندووە. دەبێ هۆشیارکردنەوە سەبارەت بە سرووشتی ڕاستەقینەی هەڵوێست و سیاسەتەکانی ئەم دۆستە درۆیینانەی خەڵک، بکرێتە بەشێک لە یادەوەریی گشتی و بەشێک لە هۆشیاریی کرێکاران و زەحمەتکێشان

بنەمایەکی دیکەی ئەم ستراتیژییە، سۆسیالیستەکانی بزووتنەوەی کرێکاری پابەند دەکات کە بۆ خۆڕێکخستنی کرێکاران، و لە قۆناغی یەکەمدا ڕێبەران، هەڵسووڕاوان و پێشەنگە ڕادیکاڵەکانی بزووتنەوەی کرێکاری، لەناو حیزبی سیاسی چینایەتی و کۆمۆنیستیی خۆیاندا نەخشە و پلانیان هەبێت. چونکە چینی کرێکار بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە تایبەتە چینایەتییەکانی خۆی لە مەیدانە جیاوازەکانی خەباتی ئابووری، سیاسی و تیۆریکدا، و بۆ ئامادەیی سەربەخۆ لە مەیدانی ململانێ و کێشمەکێشە سیاسی و چینایەتییەکاندا، هەروەها بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کرێکاری، پێویستی بە حیزبی سیاسیی کۆمۆنیستیی خۆی هەیە

بزووتنەوەی کرێکاری بە پێشڕەوی کردن لەم بوارانەدایە کە دەتوانێت بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاران، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و بزووتنەوەی دژی لەسێدارەدان، بزووتنەوەی دادخوازی و... لەگەڵ خۆی هاوڕا بکات و ببێتە بڕبڕەی پشتی مانگرتنە گشتییە سیاسییەکان و ڕێکخستنی ڕاپەڕین بە مەبەستی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و سیستەمی چینایەتی دەسەڵاتدار

***

# بەردەوامی ناڕەزایەتی کرێکاران لەسەر بەستێنی پەرەسەندنی هەژاری و نەهامەتی ئابووری

گرانی و هەڵاوسانی بێسنوور لە ئێراندا بێداد دەکات، تازەترین داتا و ئامارەکانی ناوەندی ئاماری کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە بەرزبوونەوەی نرخەکان و شەپۆلی هەڵاوسان نەک هەر هیچ دابەزینێک نیشان نادات، بەڵکوو بە خێراییەکی زیاترەوە بەرەو پێش دەچێت. بەپێی ئەم ئامارانە، ڕێژەی هەڵاوسانی خاڵ بە خاڵ کە لە مانگی دیسەمبەری ٢٠٢٥دا نزیکەی ٥٢.٦ لەسەد بووە، ئێستا گەیشتووەتە ٨٨.٦ لەسەد. درێژەکێشانی گرژییە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا لە چەند مانگی ڕابردوودا لە ناوچەکە و بەردەوامی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکانیش، قەیرانی ئابووری ڕژێمی کۆماری ئیسلامییان قووڵتر کردووەتەوە. لە هەلومەرجێکی ئاوادا، تێچووە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی شەڕ لەپاڵ خەرجییە زۆرەکان و پڕوپاگەندەییەکانی دیکەی ڕژێم، لەوانە تەرخانکردنی بڕی نزیکەی یەک ملیار دۆلار بۆ ناشتن و بەخاکسپاردنی تەرمی عەلی خامنەیی، پانتایی ئەم قەیرانە فراوانتر دەکات و کورتهێنانی بودجەی حکوومەتیش کە زیاتر لە یەک تریلیۆن تمەن بووە، دیسانەوە بەرزتر دەکاتەوە. بێگومان دەرهاوێشتەکانی قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری، ژیان و بژێویی کرێکاران و توێژە هەژارەکانی دیکەی کۆمەڵگای زیاتر لە جاران خستووەتە ژێر گوشارەوە و ژمارەیەکی زیاتر لە پێداویستییە خۆراکییەکانی لەسەر سفرەکانیان سڕیوەتەوە. جێگەی باسە کە قەیرانی ئابووری ئێستا تەنیا بەرهەمی دۆخی شەڕ نییە، بەڵکوو ڕەگ و ڕیشەی لە زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتداری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و ڕانتخۆری و گەندەڵی دامەزراوەیی لە تەواوی جومگەکانی حکوومەتی ئیسلامیدایە

کاریگەرییەکانی قەیرانێکی لەم چەشنە لەسەر ڕەوتی بەرهەمهێنان لە زۆرێک لە کارگە و ناوەندە بەرهەمهێنەرەکانی کەرتە جۆراوجۆرەکاندا کە دوای شەڕ بەپێوە ماون، ڕەنگی داوەتەوە و دۆخی بژێوی کرێکارانی قەیراناویتریش کردووە. بێگومان لە بارودۆخێکی وەهادا، لە پلەی یەکەمدا ئەوە کرێکارانن کە لەلایەن سەرمایەدارانەوە بە بیانووی جۆراوجۆر بێکار دەکرێن یان دەردەکرێن؛ پێدانی حەقدەست و دەرماڵەکانیان دوا دەخرێت؛ مافی بیمەیان پێنادرێت و سەرمایەدار و خاوەنکار لە هەندێک حاڵەتدا بەکردەوە ناچاریان دەکەن بە حەقدەستێکی کەمترەوە کار بکەن

سەرەڕای ئەمانەش و سەرباری درێژەکێشانی دۆخی نە شەڕ و نە ئاشتی و سیستەمی سەرکوتی سیستماتیکی ڕژێمی ئیسلامی، کرێکاران لە بەرامبەر ئەم پەلامارە بێسنوورەدا دەستەوسان نەوەستاون و لە کەرتە جۆراوجۆرەکانی پیشەسازی و خزمەتگوزاریدا دەستیان داوەتە مانگرتن و ناڕەزایەتی. لەوانە کرێکارانی کارگەی پەشم بافی "ئێران بەرگ" لە ڕەشت، لە زنجیرە ناڕەزایەتییەکی ٦ ڕۆژەدا کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان وەڕێ خست. ئەوان لە بەردەم دەرگای ئەم کارگەیەدا بە بەرزکردنەوەی پلاکاردێکی گەورە ڕایانگەیاند کە خوازیاری

پێدانی حەقدەستی دواخراوی ١٩ مانگ، ٤٢ مانگ بیمەی نەدراو و کۆتاییهێنان بە چارەنووسی نادیار و گەڕانەوە بۆ سەر کارن. ئەوان ڕایانگەیاند کە دەستەی بەڕێوەبەری و خاوەن پشکەکان دەبێ وەڵامدەرەوەی ئێمە بن. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، هێشتا هیچ وەڵامێک بە کرێکاران نەدراوەتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە کارگەکە دانەخراوە و بەرهەمەکانی فرۆشراون و داهاتیشی هەبووە، بەڵام داواکاری و مافەکانی کرێکاران نەدراوە

هەروەها کرێکارانی گرووپی پیشەسازی "کیش چووپ" هەواڵی پێنەدانی پێنج مانگ حەقدەست و سێ مانگ مافی بیمەی کرێکارانیان بڵاو کردەوە، کە کێشەی بژێویی زۆری بۆ دروست کردوون. کرێکارانی کارگەی "پوویا نەخ"ی ئیلامیش لە شارۆچکەی پیشەسازی شەشدار کە بە بیانووی کەمی کەرەستەی خاو و سستبوونی بازاڕەوە لە یەکی مانگی خاکەلێوەوە داخراوە، دژی دواخرانی حەقدەست و ناڕوونی چارەنووسیان و ڕێگری لە چوونە ناوەوەیان بۆ کارگەکە، کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان پێک هێنا. لە لایەکی دیکەوە، کارمەندانی بنکەکانی تەندروستی و پەرستاران و ستافی دەرمانی لە تاران و تەورێز، بە سازدانی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لە بەردەم زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی تەورێز و ڕێکخراوی کارگێڕی و دامەزراندن لە تاران، خوازیاری وەڵامدانەوەی بەرپرسانی حکوومەت بوون بە داواکاری و مافەکانیان، لەوانە باشترکردنی دۆخی بژێوی و کۆتاییهێنان بە هەڵاواردن لە پێدانی مووچەکانیاندا. کرێکارانی کارگەکانی موخابەراتی (پەیوەندییەکان) شیرازیش ناڕازین لە پێنەدانی حەقدەست و بیمەکەیان. لە چەندین کارگە و ناوەندی کار و بەرهەمهێنانی دیکە لە شارەکانی دیکەی ئێران، کرێکاران مانگرتن و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان ساز داوە. سەرباری ئەم نموونانە، لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا پەرستاران و ستافی دەرمانی لە تەورێز و تاران؛ ژمارەیەکی زۆر لە خانەنشینانی موخابەرات لە تاران، ئەسفەهان، سنە، کرماشان، ڕەشت و شارەکانی دیکە، لە بەردەم باڵەخانەی فەرمانگەی موخابەراتی ئەم شارانەدا کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان وەڕێ خست و بە دروشمدان خوازیاری بەدیهاتنی ماف و خواستەکانیان بوون

لە گۆڕەپانی بزووتنەوەی خوێندکاریشدا، شایەدی هەڵسووڕانی ڕێکخراوی "خوێندکارانی پێشڕەو" بووین لەژێر ناوی "بانگەوازی گشتی بۆ هەنگاونان لە ئاستی سەرتاسەری و نێونەتەوەیی"، کە ئەوەش وەک پشتیوانییەک لەو خوێندکارانەی لەژێر سەرکوتی ڕژێمی ئیسلامیدان بەڕێوەچوو. ئەم ڕێکخراوەیە داوای لە هەموو ناوەند، کۆڕ و کۆمەڵ و چالاکانی خوێندکاری کرد کە لە هەنگاوێکی دەستبەجێدا بۆ ڕاکێشانی سەرنجەکان بەرەو سەرکوتی بەربڵاوی بزووتنەوەی خوێندکاری لەلایەن حکوومەتی ئیسلامییەوە، دەست بدەنە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی ناڕەزایەتی و کۆکردنەوە و بەبەڵگەنامەکردن و بڵاوکردنەوەی ئاماری سەرکوتی خوێندکاران. ئەم ڕێکخراوە خوێندکارییە بانگەوازەکەی وەکوو هاواری تووڕەیی دژی ئەو حکوومەتە ناو بردووە کە ناڕەزایەتییەکانی خوێندکاران و کۆمەڵگای ئێرانی بە دڕندانەترین شێوەی سەرکوت کردووە

مانگرتنی کرێکاران و ناڕەزایەتی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا لە کاتێکدا بەڕێوە دەچن، کە کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئەمریکا بە تێچوویەکی قورسەوە درێژە بە گرژییەکانیان لە ناوچەی هەستیار و ستراتیژی کەنداو دەدەن. کۆماری ئیسلامی بارگرانی تێچووی شەڕ و ئاڵۆزییەکان دەخاتە سەر سفرەی بەتاڵی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران، کە خۆیان موحتاجی نانی شەون. لە کاتێکدا کە تێچووی سەبەتەی بژێوی خێزانێکی سێ کەسی گەیشتووەتە سەرووی ٧٠ ملیۆن تمەن لە مانگێکدا، کرێکاران هیچ هیوایەکیان نییە کە لەژێر سایەی حوکمڕانی ڕژێمی مایەپووچ و گەندەڵی کۆماری ئیسلامیدا هیچ باشبوونێک لە دۆخی بژێوییاندا بێتە ئاراوە. بەڵام کلیلی ڕزگاری لەم بارودۆخە کارەساتبارە و لە دەستی ڕژێمی تاوانکاری ئیسلامی، تەنیا لە دەستی خودی کرێکاراندایە. چالاکان و پێشڕەوانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری بە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ڕێبەرییەکی سەرتاسەری لەسەر بەستێنی خەباتی ئێستایان، و تێکۆشان بۆ خۆڕێکخستنی کرێکاران و هاوڕێکردنی چالاکانی دیکەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، دەتوانن ئاسۆیەکی ڕوون بۆ ڕووخانی یەکجاریی کۆماری ئیسلامی و ڕزگاربوون لێی و جێگیرکردنی دەسەڵاتێکی شۆرایی بخەنە بەردەم کرێکاران و توێژە هەژارەکانی دیکەی کۆمەڵگا

***





# ١٨ی پووشپەڕ وەبیرهێنەرەوەی بزووتنەوەی پڕشکۆی خوێندکارانە

ڕۆژی ١٨ی پووشپەڕ، ساڵوەگەڕی ڕووداوێکی مێژوویی لە بزووتنەوەی خوێندکاری ئێراندا. ٢٧ ساڵ لەمەوبەر و لە ڕۆژی ١٨ی پووشپەڕ و ڕۆژانی دواتر تا ٢٣ی پووشپەڕ، خوێندکارانی خەباتکار و ناڕازی لە شەقامەکانی دەوروبەری زانکۆدا هاتنە مەیدانەوە و تووڕەیی و بێزاری خۆیان لە کۆماری ئیسلامی نیشان دا. ڕۆژی ١٦ی پووشپەڕی ١٣٧٨، مەجلیسی شۆرای ئیسلامی گەڵاڵەی گشتی چاکسازی یاسایەکی پەسەند کرد کە بەپێی ئەو یاسایە، ئاستەنگ و کۆتوبەندێکی یەکجار بەرفراوانتر دەخرایە سەر ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان

"ڕۆژنامەی سەلام" بە بڵاوکردنەوەی بەڵگەیەک ئاشکرای کرد کە "سەعید ئیمامی" جێگری ئەوکاتی وەزارەتی ئیتلاعات پێشنووسی ئەم یاسایەی ئامادە کردووە. سەعید ئیمامی بڕیاردەر و بەڕێوەبەری قەتڵە زنجیرەییەکان بوو کە تێیدا "محەممەد جەعفەر پویەندە، محەممەد موختاری، پەروانە ئیسکەندەری، داریوش فروهەر، پیروز دوانی" و زیاتر لە ٧٠ کەسی تر کوژران. سەرانی ڕژێم بۆ سەرپۆش دانان لەسەر ئەو کارەساتانەی کە بە فەرمانی ئەوان و بە دەستی وەزارەتی ئیتلاعات لە ڕەوتی قەتڵە زنجیرەییەکاندا ئەنجامیان دابوو، پێشتر لە زینداندا سەعیدی ئیمامیان کوشتبوو. تەنها یەک ڕۆژ دوای پەسەندکردنی ئەم یاسایە، ڕۆژی ١٧ی مانگی پووشپەڕ بە حوکمی دادستان، ڕۆژنامەی سەلام داخرا. ئەم کردەوەی ڕژێم ناڕەزایەتی خوێندکارانی لێکەوتەوە و هەمان شەو ژمارەیەک لە خوێندکارانی کوی دانشگاهی تاران لە شەقامی کارگەری شوماڵی کۆبوونەوە و خوازیاری دەستبەکارکردنەوەی ئەم ڕۆژنامەیە و پەسەندنەکردنی "گەڵاڵەی چاکسازی یاسایی بواری چاپەمەنی" لە مەجلیس بوون. ناڕەزایەتییەکان لە چوارچێوەی کوی دانشگاوە بۆ شەقامەکان پەرەی سەند. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە کاردانەوە بەم ناڕەزایەتییانە، هێزی سەرکوتی لە گیانی خۆپیشاندەران بەردا و هەوڵی دا تا بزووتنەوەی خوێندکاران تێکبشکێنێت. بەڵام هێزە سەرکوتگەرەکان کە نەیانتوانی بەخێرایی پاشەکشە بە خوێندکاران و خەڵکی هاوڕێیان بکەن، هێرشی شەوانە بۆ سەر کوی دانشگایان خستە دەستووری کارەوە

بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی ١٨ی مانگی پووشپەڕ هێزەکانی حیزبوڵڵا، پاسدار و لیباس شەخسییەکان پەلاماری کوی دانشگاهی تارانیان دا. سەرکوتگەرانی ڕژێم لە ئەنجامدانی هیچ کردەوەیەکی دژەئینسانی دەستیان نەپاراست و هەموو توانای خۆیان بەکارهێنا تا بە هێرشێکی وەحشیانە، ئەو سەرشۆڕییەی کە ڕۆژی پێشتر بەنەسیبیان بووە، قەرەبوو بکەنەوە و بە پێکهێنانی فەزای ترس و وەحشەت، خوێندکاران و خەڵک چاوترسێن بکەن. ئەوان دەرگای ژوورەکانیان بە تەور شکاند و بە ئامانجی کوشتن هێرشیان کردە سەر خوێندکاران. ژمارەیەک لە خوێندکارانیان بە دروشمی "یا حسێن" و "یا زەهرا" لە تەبەقەکانی سەرەوەی ساختمانی کوی دانشگاوە بەردایە خوارێ. کەلوپەلی بەشەناوخۆییەکانیان تێکشکاند و

سامانەکانیان تاڵان کرد و چەند کەسێکیشیان لە خوێندکاران کوشت . لە دەرەنجامی ئەم هێرشە دڕندانەیەی ڕژێم بۆ سەر کوی دانشگاه لە ساڵی ١٣٧٨ (١٩٩٩)، لانی کەم سێ کەس بە ناوەکانی "عیزەتوڵڵا ئیبراهیمنژاد"، "فریشتە عەلیزادە" و "تامی حامیفەڕ" گیانیان بەخت کرد. لەم ڕووداوەدا خوێندکارێک چاوی لەدەست دا و دەست و قاچی دەیان کەسیش شکا

هەواڵی هێرشی هێزە ئەمنی و ئینتزامییەکانی ڕژێم لە هەموو شوێنێک بڵاوبووەوە. ڕۆژی هەینی ١٨ی مانگی پووشپەڕ، خوێندکارانی زانکۆکانی تاران و شارستانەکان وەک ناڕەزایەتییەک بەرانبەر بەم تاوانانە هاتنە سەر شەقام و لە هەموو شوێنێک ئەم ناڕەزایەتییانە لەلایەن خەڵکەوە بەشێوەی بەرین پشتیوانی لێکرا. خۆپیشاندان و شەڕ و پێکدادان لەسەر شەقامەکان هەتا ڕۆژی ٢٣ی مانگی پووشپەڕ درێژەی کێشا. لەم ڕۆژانەدا هێلیکۆپتێرەکان بەسەر سەری خەڵکدا دەسووڕانەوە و شاری تاران سیمای ڕۆژانی ڕاپەڕینی بەخۆوە گرتبوو. ئەم ڕۆژە بەناوی ڕۆژی تەهاجومی وەحشیانەی کۆماری ئیسلامی و ڕۆژی خەبات و خۆڕاگری خوێندکاران و هاوپشتی و هاوڕەزمی جەماوەری خەڵک لە مێژووی خەباتی بزووتنەوەی خوێندکاریدا تۆمارکراوە. لەو کاتەوە هەموو ساڵێک ئەم ڕۆژە بەیادی خوێندکارانی گیانبەختکردوو و بەیادی هاوڕەزمی و هاوپشتیی خەڵک لەگەڵ خوێندکارانی خەباتکار بەرز ڕادەگیرێت. ١٨ی پووشپەڕ بۆ خوێندکارانی ئێران کە زۆربەیان ڕۆڵەی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی کۆمەڵگان، وەبیرهێنەرەوەی ئەو حەقیقەتەیە کە لە بەرانبەر ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆرەدا کە ئازادی و نانیانی زەوت کردووە، حورمەت و کەرامەتیانی بە حیجاب و هەڵاواردنی ڕەگەزی لە ناوەندەکانی پەروەردەدا خستووەتە ژێر پێ، شادی و خۆشی لێ قەدەغە کردوون و دەرگای زیندانەکانی بەرەوڕوویان کردووەتەوە، بۆ هەر داخوازییەکی سینفی و سیاسی، چارەیەکی تریان نییە بێجگە لە تێکۆشان و گرێدانی خەباتیان بە خەباتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان

لە ڕۆژانی ١٨ تا ٢٣ی پووشپەڕی ٧٨دا، خەڵک بە دروشمە ڕوونە دژە-دیکتاتۆرییەکانیان، خواستی ڕەتکردنەوە و ڕووخاندنی ئەم ڕژێمەیان لە ئاستێکی جەماوەریدا دەربڕی. بەڵام ئەم خەباتە ڕێکخراو نەبوو و بێبەش بوو لە ڕێبەرایەتی. جەماوەری وەگیانهاتوو ئەوەی کە نەیاندەویست هاواریان دەکرد، بەڵام هێشتا ئەوەی کە دەیانویست، بە ڕوونی بەیانیان نەدەکرد.

خەباتی مەزن و ئازایانەی ڕۆژانی ١٨ تا ٢٣ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٨ بەبێ ڕێکخستن و ڕێبەرایەتی و بەبێ ئاسۆیەکی ڕوونی سیاسی، کرایە ئامانجی هێرشە ڕێکخراوەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و لەو قۆناغەدا سەرکوت کرا. بەڵام ئەم نەبەردە لە فۆرمی جۆراوجۆری دیکە و لە گۆڕەپانە جیاوازە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا تا ئێستاش بەردەوامە. ئەم نەبەردە هەرچەندە لەم ماوەیەدا هەوراز و نشێوی زۆری بڕیوە و لە ڕابردووی خۆی دەرس و ئەزموونی بەنرخی وەرگرتووە، بەڵام هێشتا بەدەست ئەو کەموکوڕییانەوە دەناڵێنێت کە بوونە هۆی سەرکوتی خەباتەکانی پووشپەڕی ٧٨، و داهاتووی ئەم بزووتنەوەیەش گرێ دراوە بە چارەسەرکردن و تێپەڕاندنی ئەو کەموکوڕییانەوە

ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکانی نۆ ساڵی ڕابردوو و ئەو دروشم و خواست و داواکارییانەی کە لە ڕەوتی ئەم ڕاپەڕینانەدا هاتنە ئاراوە، ئەوەیان سەلماند کە پێویستە بزووتنەوەی خوێندکاری وەک یەکێک لە کۆڵەکە قایمەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئێران، بە شێلگیرترین و ڕادیکاڵترین شێوە نوێنەرایەتی داخوازییە دیموکراتیکەکانی نێو بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان بکات و پشتیوانییان لێ بکات. باڵی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی بزووتنەوەی خوێندکاری لە بەرانبەر ڕەوتە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی کە دەیانەوێت ئەم بزووتنەوەیە بەلاڕێدا ببەن، تەنیا بە هێنانەگۆڕێی ئەم داواکارییانە لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار و بزووتنەوەی ڕزگاری ژنان و بزووتنەوە پێشڕەوکانی دیکەی کۆمەڵگاوە دەتوانێت ئەم ئەرکە مێژووییە بە ئەنجام بگەیەنێت و پەیوەندییەکی قووڵتر لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە ڕادیکاڵە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا پێک بهێنێت. پێشڕەویی بزووتنەوەی ئازادیخوازی خەڵکی ئێران گرێ دراوە بە ئامادەبوونی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی چینی کرێکار و لکاندنی ئەم بزووتنەوەیە بە بزووتنەوەی ڕزگاری ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و بزووتنەوە پێشڕەوکانی دیکەی کۆمەڵگاوە، بە ئاسۆی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژێمی ئیسلامی و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی سەرمایەدارییەوە. ئەمە ئەو دەرسە مێژووییەیە کە دەبێ لە ئەزموونی پووشپەڕی ١٣٧٨ و ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەکانی ساڵانی ڕابردووەوە فێری ببین

❊❊❊




# هەڵگرتنی گەمارۆ ئابوورییەکان بە واتای باشتربوونی ژیانی کرێکاران نییە

لە نێو باڵەکانی حکوومەتدا، باڵی ئیسلاحتەڵەبان و میانەڕەوەکان و دەوڵەتی پزیشکیان، هەڵگرتنی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان بە خاڵێکی وەرچەرخان بۆ دەربازبوون لە قەیرانی ئابووری دەزانن. ئەوان بە زەقکردنەوە و گەورەکردنی ڕۆڵی گەمارۆکان لە قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووریدا، دەیانەوێت هەڵگرتنی گەمارۆکان وەک هۆکاری کرانەوە و باشتربوونی باری بژێوی جەماوەر نیشان بدەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە وێڕای هۆکارە پێکهاتەییەکانی قەیرانی ئابووری سیستەمی سەرمایەداریی ئێران، پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە: لە ئەگەری هەڵگرتنی گەمارۆکان و ئازادبوونی دراوە بلۆککراوەکاندا، ئەم سەرچاوانە دەخرێنە خزمەت چ پڕۆژەیەکەوە و چ هێز و لایەنێک قازانجیان لێ دەبینێت؟ لە پێکهاتەی دەسەڵاتی ڕژێمی سەرمایەدارانی ئیسلامیدا، هەڵگرتنی گەمارۆکان پێش ئەوەی ببێتە هۆی باشتربوونی جێگیر و پایداری ژیانی زۆرینەی کۆمەڵگا، خزمەت بە سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی هەمان مۆدێلە نایەکسانەکەی پێشوو دەکات

ئەزموونی "بەرجام" لە ساڵی ١٣٩٤دا بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە. دوای جێبەجێکردنی بەرجام، بەشێک لە پێوەرە گەورەکانی ئابووری بەرەو باشبوون چوون. هەناردەی نەوتی ئێران لە کەمتر لە یەک ملیۆن بەرمیلەوە لە ڕۆژێکدا گەیشتە زیاتر لە دوو ملیۆن بەرمیل، و بەرهەمی پوختی ناوخۆیی لە ساڵی ١٣٩٥دا گەشەی بەخۆیەوە بینی. ڕێژەی هەڵاوسانیش کە لە ساڵانی پێشتردا سنووری ٤٠٪ی تێپەڕاندبوو، ڕووی لە کەمبوونەوە کرد. ئەم پێوەرانە لە ڕواڵەتدا دەرخەری دەربازبوونی ئابووری بوون لە قەیران و داتەپین، بەڵام پرسیارە بنەڕەتییەکە لێرەدایە کە بەرهەمی ئەم گەشەسەندنە بە قازانجی کێ بوو؟ ئامارە پەیوەندیدارەکان بە خەرج و داهاتی بنەماڵە کرێکارییەکان دەریدەخەن کە لەو قۆناغەشدا، هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ و بەرچاو لە ئاستی بژێوی و ژیانی چین و توێژە بندەستەکاندا نەهاتە ئاراوە. مەسرەفی سەرانەی ڕاستەقینە لە زۆرێک لە کەرتەکاندا بە چەقبەستوویی مایەوە و ڕێژەی بێکاری لە ساڵانی ١٣٩٥ و ١٣٩٦دا نەک هەر کەمی نەکرد، بەڵکوو ڕووی لە زیادبوونیش کرد. ڕێژەی بێکاری لە نێو لاواندا سنووری ٢٥٪ی تێپەڕاند. بە واتایەکی تر، گەشەی ئابووری بە شێوەیەکی سەرەکی ئاکامی زیادبوونی هەناردەی نەوت و ئەو چالاکییانە بوو کە پێویستیان بە سەرمایەیەکی زۆر هەیە؛ واتە ئەو بوارانەی کە

دەرفەتێکی سنوورداریان بۆ ڕەخساندنی هەلی کار هەیە و کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر حەقدەستی ڕاستەقینەی کرێکاران دانەنا. ئەو کەلێنە قووڵەی کە لە نێوان گەشەی بەرهەمهێنان و باشتربوونی دۆخی ژیانی هێزی کاردا هەیە، هەمان ئەو دیاردەیەیە کە لێکدابڕانی نێوان "بەرهەمهێنانی بەها" و "پشکی کرێکاران" لەو بەرهەمە ڕوون دەکاتەوە

بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی قەیرانی سەرمایەداری لە ئێراندا، دەبێت سەرنج بدەینە پێکهاتەی کەڵەکەبوونی سەرمایە لەم وڵاتەدا. پاش ڕاپەڕینی ١٣٥٧، مۆدێلێک لە سەرمایەداریی ئیسلامی شکڵی گرت کە تێیدا بە تێپەڕبوونی کات دامەزراوە نیمچە-دەوڵەتییەکان، بونیادەکان و سوپای پاسداران پێگەیەکی هەژمۆنیخوازانە و باڵادەستیان پەیدا کرد. ئەم کۆمەڵەیە، بەپێی خەمڵاندنە جیاوازەکان، لە دەیەی ١٣٩٠دا بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەستیان بەسەر زیاتر لە ٥٠ بۆ ٦٠ لەسەدی بەرهەمی پوختی ناوخۆییدا گرتبوو. چڕبوونەوەی قەبارەیەکی وەها بەرین لە دەسەڵاتی ئابووری، ئاراستەی دابەشکردنی سەرچاوەکانیش دەخاتە ژێر چنگی تاقمێکی کەمینە و سنووردارەوە. لە پێکهاتەیەکی لەم چەشنەدا، هەر جۆرە کرانەوەیەکی ئابووری سەرەتا لەو کەناڵانەوە تێدەپەڕێت کە ئەم بلۆکە دەسەڵاتدارە کۆنترۆڵی کردوون. داهاتە نەوتییەکان، دەستڕاگەیشتن بە دراوی بیانی و گرێبەستە زەبەلاحەکان، پێش ئەوەی بگەنە کەرتە بەرهەمهێنەرەکان یان خزمەتگوزارییە گشتییەکان، دەکەونە دەست ئەو دامەزراوانەی کە لە هەر جۆرە چاودێرییەکی جەماوەری و لێپرسینەوەیەک پارێزراون. بۆ نموونە، لە بودجەی ساڵی ١٤٠٤دا پشکێکی بەرچاو لە داهاتە نەوتییەکان تەرخان کراوە بۆ دامودەزگا سەربازی و ئەمنییەکان، لە کاتێکدا کەرتەکانی پەروەردە و تەندروستی هێشتا بەدەست کەمیی سەرچاوەی داراییەوە دەناڵێنن. ئەم لەپێشینەدانانە، ڕەنگدانەوەی سیاسەت و ستراتیژی سەرانی ڕژێمە بۆ پاراستنی مانەوەی نیزامی ئیسلامی

لەم نێوەندەدا، سوپای پاسداران وەک یەکێک لە گرنگترین ئەکتەرە ئابوورییەکانی وڵات ئەژمار دەکرێت. "قەرارگای خاتەمولئەنبیا" لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا بە شێوەیەکی بەربڵاو دەستی گرتووە بەسەر پڕۆژە گەورەکانی نەوت، گاز، پترۆشیمیایی، ڕێگاوبان و ژێرخانەکاندا، کە بەهای ئەو گرێبەستانەی پێی دراون دەگاتە دەیان ملیار دۆلار. دەرئەنجام ئەوەیە کە هەڵگرتنی گەمارۆکان و ئازادکردنی پارە بلۆککراوەکان بە پلەی یەکەم دەبێتە هۆی بەهێزتربوونی ئەم تۆڕە مافیاییەی دەسەڵات، و هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ کرانەوە لە کار و بژێوی ژیانی کرێکاران و توێژە بندەستەکانی کۆمەڵگادا بەدی ناکرێت. پێکهاتەی سیستەمی بانکییش ئەم ڕەوتەی زیاتر قووڵ کردووەتەوە. قەبارەی زۆری قەرزە نەگەڕاوەکان، نەبوونی شەفافیەت و هەژموونی دامەزراوە بەهێزەکان لە دیاریکردنی پشکی قەرزەکاندا، بووەتە هۆی ئەوەی کە سەرچاوە داراییەکان بەرەو پڕۆژە ڕانتییەکان و چالاکییە نابەرهەمهێنەرەکان ئاراستە بکرێن

لە هەمان کاتیشدا نابێت لەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە بێئاگا بین؛ تەنانەت لە ئەگەری پێشکەوتنی دانوستانەکان لەسەر بنەمای بڕگە چواردە خاڵییەکەی لێکتێگەیشتنی نێوان دەوڵەتی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیشدا، دیسانەوە گەمارۆکان بە تەواوی هەڵناگیرێن. چونکە بەشێک لەو گەمارۆیانەی کە پەیوەندییان بە بەرنامەی مووشەکی، تیرۆریزمی سوپای پاسداران، سیاسەتی ناوچەیی و پرسەکانی مافی مرۆڤەوە هەیە، وەک خۆیان دەمێننەوە. لە ئەنجامدا، دەستڕاگەیشتنی ڕژێمی ئیسلامی بە تۆڕی دارایی جیهانی هەر بە سنوورداری دەمێنێتەوە و تێچووی ئاڵوگۆڕە بازرگانییە دەرەکییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو کەم نابنەوە. کەواتە، تەنانەت هەڵگرتنی گەمارۆ ئەتۆمییەکانیش ناتوانێت سەرجەم کۆتوبەندەکانی سەر ئابووریی ئێران لەناوبەرێت

ڕاستییەکە ئەوەیە کە گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا دەرئەنجام و شوێنەواری وێرانکەریان لەسەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و هەژاری کۆمەڵگای ئێران داناوە. ئەم گەمارۆ دژە-مرۆییانە تا ئێستا نەک هەر نەبوونەتە هۆی ڕووخانی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان، بەڵکوو نەیانتوانیوە شێواز و ڕەفتاریشیان بگۆڕن. لە بەرامبەردا، گەمارۆکان بیانوویەک بوون بۆ خۆدزینەوەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە بەرپرسیارێتی و وەڵامنەدانەوە بە پێداویستییەکانی خەڵک، هەروەها بوونەتە ئامرازێک بۆ پەرەپێدانی گەندەڵی و تاڵانچێتی لەلایەن سەران و دارودەستەی ڕژێمەوە و ئەمنییەتیکردنی زیاتری کەشی کۆمەڵگا. ئەگەرچی گەمارۆکان ئیمکاناتی ڕژێمیان بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتە ئەمنی و سەربازی و پاوانخوازەکانی کەمتر کردووەتەوە، بەڵام ئەمە تەنیا یەکێک لە فاکتەرەکانی قەیرانی ئابووریی کۆماری ئیسلامییە. گەمارۆ ئابوورییەکان لە گۆڕەپانی کێشمەکێش و هاوسەنگیی هێزی نێوان کرێکاران و جەماوەری وەگیانهاتووی ئێران لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا، بە زیانی خەڵک تەواو بوون. بە لەبەرچاوگرتنی قەیرانی پێکهاتەیی سیستەمی سەرمایەداریی ئێران، گەندەڵی و دزییە بەدامەزراوەییکراوەکان لە سەرجەم جومگەکانی حاکمییەتی ئیسلامیدا، و تێچووە زەبەلاحەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتگەلی دەستوەردەرانە لە ناوچەکەدا و خەرجییە خەیاڵییەکانی هێزە سەرکوتگەرە سەربازی و ئەمنییەکان؛ دەبینین کە تەنانەت پێش سەپاندنی گەمارۆکانیش دۆخی بژێوی کرێکاران و خەڵکی هەژاری ئێران کارەساتبار و تاقەتپڕووکێن بوو

کۆماری ئیسلامی زیاتر لە چل ساڵە بە گرتنەبەری ئەم جۆرە سیاسەتانە لە ناوخۆ و لە ئاستی ناوچەکەدا، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئیمکانی ژیانێکی مرۆیی لە زۆرینەی ڕەهای خەڵکی ئێران زەوت کردووە و هیچ ڕێگاچارەیەکیشی بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە پێ نییە. کرێکاران و چین و توێژە زەحمەتکێش و هەژارەکانی دیکەی ئێران، تەنیا بە پەرەپێدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان، بە یەکگرتووکردنی ڕیزەکانیان و گۆڕینی هاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندی بەرەی خەبات، و لە کۆتاییدا بە ڕاماڵینی بارگە و بنەی ئەم ڕژێمە گەندەڵ و تاوانکارە لە ڕێگەی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییەوە، دەتوانن کار و ژیانی خۆیان لە چنگی کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتی سەرمایە ڕزگار بکەن

❊❊❊



# ڕەهەندە کارەساتبارەکانی مەرگی بێدەنگی کرێکاران لە ژینگەکانی کاردا

ئامارەکانی پەیوەست بە ڕووداوەکانی کار لە ئێران لە ماوەی سالانی ١٤٠٤ تا ١٤٠٥، ڕەهەند و توندی چەوسانەوەی هێزی کار لەژێر دەسەلاتی حکومەتی سەرمایەداری ئیسلامیشدا ئاشکرا دەکەن. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی پزیشکی دادوەری لە ئێران، لە ١١ مانگی سالی ١٤٠٤دا، بەگشتی ١,٨٧٩ کرێکار لە ڕووداوەکانی ناو ژینگەی کاردا گیانیان لەدەست داوە، کە بەراورد بە هەمان ماوەی سالی پێشوو بە ڕێژەی ٠.٩ لەسەدا زیادی کردووە. لە هەمان ئەو ماوەیەدا، ٢٤,٢٣٨ کەسیش بەهۆی ڕووداوەکانی کارەوە بریندار و کەمئەندام بوون. هەروەها لەم ڕاپۆرتەدا، کەوتنەخوارەوە لە بەرزایی بە تۆمارکردنی ٩٣١ حالەت، وەک هۆکاری سەرەکی مەرگی کرێکاران لە ژینگەی کاردا دەستنیشان کراوە و پارێزگای تاران بە تۆمارکردنی ٣٦٥ حالەت، بەرزترین ڕێژەی قوربانییەکانی بەرکەوتووە. بەرکەوتنی شتی ڕەق، ئاگرکەوتنەوە، ڕووداوی کانەکان، پێکدادانی ئۆتۆمبێل و گرتنی بەرق، هۆکاری بەشێکی زۆری قوربانییەکانیان پێکهێناوە. بێگومان ڕەهەندە ڕاستەقینەکانی مەرگی بێدەنگی کرێکاران لە ژینگەکانی کاردا زۆر لەم ئامارانە گەورەتر و کارەساتبارترن

بەپێی ڕاگەیاندنی عەلیڕەزا ڕەئیسی، جێگری ئەوکاتی وەزیری تەندروستی ڕژێمی ئیسلامی لە مانگی گولانی ١٤٠٤دا، سالانە نزیکەی ١٠ هەزار کرێکار لە ئێران بەهۆی ڕووداو و هەلومەرجەکانی پەیوەست بە کارەوە گیان لەدەست دەدەن. ئەم ئامارە سامناکە بریتییە لە زیاتر لە ٨٠٠ مەرگ لە مانگێکدا و نزیکەی ٢٧ کوژراو لە ڕۆژێکدا. ئەو ئامارەی کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە خراوەتە ڕوو، جیاوازییەکی ٥ هێندەیی لەگەل ئامارە فەرمییەکانی ڕێکخراوی پزیشکی دادوەریدا هەیە، کە بەگشتی تەنیا قوربانییانی گیانی لە کارگە فەرمییەکان و لەنێو کرێکارانی بیمەکراودا تۆمار دەکات. هۆکاری سەرەکی ئەم جیاوازییە زەقە، چالاکی بەشێکی گەورەی هێزی کارە، بەتایبەت کرێکارانی بیناسازی و کانەکان لە کارگە نافەرمییەکان و بێبەش لە بیمە کە مەرگی ئەوان لە ئامارە دەولەتییەکاندا حیسابی بۆ ناکرێت. کەلێنێکی لەم شێوەیە ناکرێت تەنیا بخرێتە پال جیاوازی لە شێوازی تۆمارکردنی زانیارییەکاندا؛ بەلکوو ئەم جیاوازییە گوزارشتە لە سڕینەوەی سیستماتیکی بەشێکی گەورە لە چینی کرێکار لەناو سیستەمی ئاماری فەرمیدا. ئەم سڕینەوە ئامارییە بەشێکە لە میکانیزمی بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان. ئەو کرێکارانەی لە کەرتی نافەرمی، پرۆژەیی یان بە بێ بیمە خەریکی کارن، نەک هەر لە سەرەتاییترین پێوەرەکانی سەلامەتی بێبەشن، بەلکوو مەرگ و برینداربوونیشیان زۆرجار لە ئامارە فەرمییەکاندا ڕەنگ ناداتەوە. سەرمایە تەنیا بە چەوساندنەوەی هێزی کار لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا قایل نابێت؛ بەلکوو تێچووە مرۆییەکانی ئەم چەوساندنەوەیەش تا ئەو جێگەیەی بکرێت لە مەودای بینینی گشتی دەشارێتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە کرێکارانی بیناسازی، کانەکان، کشتوکال و کەرتە نافەرمییەکانی تر، لە هەموان زیاتر ڕووبەڕووی ئەم ونکردن و شاردنەوەیە دەبنەوە

ئەم کەلێنە ئامارییە دەریدەخات کە ئەوەی لە سیستەمی ئاماری فەرمیدا تۆمار دەکرێت، بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بەو کرێکارانەوە کە لەژێر چەتری بیمە، گرێبەستە فەرمییەکان و چاودێریی دەولەتیدان. لە بەرامبەردا، بەشێکی گەورەی هێزی کار، لە کرێکارانی ڕۆژمزدی بیناسازی و کرێکارانی کۆچبەرەوە بگرە تا دەگاتە کرێکارانی وەرزی لە کەرتی کشتوکال و کرێکارانی کانە بچووکەکان، لە دەرەوەی ئەم میکانیزمانە کار دەکەن. مەرگی ئەوان، لە زۆر حالەتدا تەنانەت وەک داتایەکی ئامارییش بە فەرمی ناناسرێت



جیاوازییە بنەڕەتییەکە لە پێگەی ئێران لە دابەشکاری جیهانی کاری سەرمایەداریدا شاراوەتەوە. لە ولاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکاندا، هەرچەندە چەوسانەوە هێشتا بنەمای بەرهەمهێنان پێکدەهێنێت، بەلام خەباتە مێژووییەکانی چینی کرێکار، بوونی سەندیکاکان و پێداویستییە یاساییەکان، تا ڕادەیەک تێچووی پشتگوێخستنی سەلامەتییان بۆ سەرمایە بەرز کردووەتەوە. لە ولاتانی باشووری جیهانی، لەوانە ئێران، تایبەتکاری، پەرەسەندنی کەرتی پەیمانکاری، لابردنی کۆتوبەندە یاساییەکان و سەرکوتکردنی خۆڕێکخستنی سەربەخۆی کرێکاران، هەلومەرجێکیان هێناوەتە ئاراوە کە تێیدا تێچووەکانی سەلامەتی دەبنە یەکەمین قوربانی کێبڕکێ لەپێناو قازانجی زیاتردا. لەم پێکهاتەیەدا، هەر ڕیالێک کە بۆ پاراستنی گیانی کرێکار خەرج بکرێت، لە ڕوانگەی سەرمایەوە بە واتای کەمبوونەوەی ڕێژەی قازانجە. لە سالانی دواییدا، قەیرانی ئاووهەواش بووەتە هۆکارێکی دیاریکەر لە توندتربوونەوەی مەترسییە پیشەییەکاندا. ڕێکخراوی نێودەولەتی کار مەزەندە دەکات کە تا سالی ٢٠٣٠ زیاتر لە سەدا دووی کۆی کاتژمێرەکانی کاری جیهان بەهۆی فشاری گەرماوە لەناو دەچێت؛ ژمارەیەک کە یەکسانە بە زیاتر لە ٨٠ ملیۆن هەلی کاری تەواوکات. کرێکارانی ژینگە کراوەکان، بەتایبەتی لە کەرتی بیناسازی، کشتوکال و خزمەتگوزارییە شارەوانییەکاندا، زۆرترین زیان لەم ڕەوتە دەبینن. گەرماژۆیی، نەخۆشییەکانی دل و زیادبوونی ئەگەری ڕوودانی کارەساتەکان، تەنیا بەشێکن لە دەرئەنجامەکانی ئەم هەلومەرجە. لە ئێراندا، ئەم ڕەوتە بە تایبەتمەندییەکانی ئابووریی سەرمایەوە تێکئالاوە. پارێزگاکانی وەکوو خوزستان و بوشەهر کە ڕووبەڕووی گەرمای توند، تەپوتۆز و پیسبوونی هەوا بوونەتەوە، هاوکات خاوەنی بەرزترین ئاستی چڕبوونەوەی کرێکارانی نافەرمی و بێبەش لە پالپشتییەکانی بیمەن. بەم جۆرە لەژێر حوکمڕانی سیستەمی سەرمایەداریدا، وێرانکردنی ژینگە و داڕمانی هێزی کار یەکتر بەهێزتر دەکەن. باری قورسی نەهامەتییەکانیش دەکەوێتە سەر شانی کرێکاران لەو ولاتانەی کە چاودێری بەسەر ژینگەکانی کاردا لاوازترە، حەقدەستەکان کەمترن و بەهۆی نەبوونی ڕێکخراوە کرێکارییەکانەوە، هێزی مامەلە و چانەزەنی هێزی کار سنووردارترە

لەم ڕوانگەیەوە، ڕووداوەکانی کار ناکرێت کورت بکرێنەوە بۆ بێباکی و بێئیحتیاتی تاکەکەسی، هەلەی مرۆیی یان کەموکوڕی لە کەلوپەلەکاندا. لەوانەیە هۆکاری لەم شێوەیە لە ڕوودانی کارەساتێکدا دەوریان هەبێت، بەلام هۆکارە بنەڕەتییەکە ڕوون ناکەنەوە. تا ئەو کاتەی قازانج پێوەری سەرەکی ڕێکخستنی بەرهەمهێنان بێت، کەمکردنەوەی تێچووەکانی سەلامەتیش زەروورەتێکی ئابووری دەبێت بۆ سەرمایە. مەرگ و کەمئەندامبوونی کرێکاران، بەشێکە لە لۆژیکی توندکردنەوەی چەوسانەوە و کەلەکەبوونی سەرمایە. ئەوەی کە ئەم ئامارانە دەیخەنە بەردەممان، سیمای کۆمەلگەیەکە کە تێیدا بەهای گیانی مرۆڤ بە لۆژیکی قازانج دەپێورێت. تا ئەو کاتەی ئەم لۆژیکە زال بێت بەسەر ڕێکخستنی بەرهەمهێناندا، هەر ڕاپۆرتێکی نوێی ڕووداوەکانی کار، تەنها تۆمارکردنی بەشێکی تری هەمان تراژیدیای بێبڕانەوە دەبێت

بەلام تا ئەو کاتەی سەرمایەداری بالادەست بێت و لۆژیکی سەرمایە حوکم بکات، تەنیا ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی نائەمنیی ژینگەی کار لە هەر شوێنێک، خودی یەکڕیزی و هێزی چینایەتی ڕێکخراو و هۆشیاریی ئەو چینی کرێکارەیە کە دەیەوێت ئەم سیستەمە دژەمرۆییە لە گۆڕ بنێت. بۆیە ئەوە خودی کرێکارانن کە دەبێت خەمی خۆیان بخۆن و بە پشتبەستن بە خەباتی ڕێکخراو و بەرنامەبۆدارێژراوی خۆیان، خاوەنکاران و دەولەت ناچار بکەن کە ئاسایشی ژینگەی کاریان بۆ دابین بکەن. یەکڕیزی و هێزی چینایەتیی کرێکاران تاکە ئامرازی بەرەنگاربوونەوەیە لە دژی سەپاندنەکانی سیستەمی سەرمایەداران و دەولەتەکەیان. لە بواری کەمکردنەوەی مەترسی و زیانەکان و قوربانییانی کار و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، هەروەها دەستەبەرکردنی سەلامەتی و تەندروستیی ژینگەی کار و قەرەبووکردنەوەی ئەو کرێکارانەی کە بەهۆی ئەم کارەساتانەوە زیانیان پێدەگات، دەبێت هێزی یەکگرتوو و ڕێکخراوی کرێکاران بخرێتە گەڕ و داواکارییە هەنووکەیی و دەستبەجێیەکانی چینی کرێکار بەسەر خاوەنکاران و دەولەتی پارێزەریاندا بسەپێنرێت. دابینکردنی سەلامەتیی ژینگەی کاریش وەک هەر داواکارییەکی تری کرێکاران، تەنیا بە زەبری خەبات و هاوپشتیی چینایەتیی کرێکاران بەسەر سەرمایەداران و دەولەتی پشتیوانیاندا دەسەپێنرێت!

❊ ❊ ❊

# ئاژاوەگێڕی و باجخوازی کۆماری ئیسلامی و مەترسیی هەڵگیرسانەوەی شەڕ

لە پاش واژۆکردنی لێکتێگەیشتننامەی نێوان دەوڵەتی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی لە ٢٤ی جۆزەردانی ١٤٠٥دا، کە بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە شەڕ و دەستپێکردنی دانوستانێکی ٦٠ ڕۆژە کرا، کۆماری ئیسلامی بە هەڕاوهوریا و هەڕەشە و گوڕەشە، خۆی بە براوەی شەڕ لە قەڵەم دەدات و کەوتووەتە نێو وەهمی سەپاندنی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی گەرووی هورمز و باجخوازییەوە. هەنگاوە دنەدەرە سەربازییەکان و هەڕەشەکردن لە وڵاتانی کەنداو لەم ماوەیەدا، بە پشتبەستن بە لێکدانەوەی دڵخوازانە بۆ برگەکانی لێکتێگەیشتننامەکە، بووەتە هۆی درێژەکێشانی گرژییەکان لە ئاستی ناوچەکە و مەترسی هەڵگیرسانەوەی شەڕی لێ کەوتووەتەوە. ئەمانە لە کاتێکدایە کە قەیرانی ئابووری، هەڵاوسانی کەمەرشکێن، بێکاری و بەرزبوونەوەی ڕۆژانەی نرخی کاڵاکان لە ئێراندا، ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و جەماوەری هەژار و زەحمەتکێشی زیاتر لە جاران خستووەتە ژێر گوشارەوە

نانەوەی ئاژاوە لە ناوچەکەدا لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە مەبەستی باجگرتن لە هاتوچۆی کەشتییەکان لە کاتێکدایە کە زلهێزەکانی دیکەی ناوچەکە دژایەتییان کردووە. دەوڵەتی عومان کە تا ئێستا وەک دەڵاڵ و نێوەندگیر خزمەتێکی زۆری بە کۆماری ئیسلامی کردووە و ڕژێم لە پڕوپاگەندە چەواشەکارانەکانیدا ئەم وڵاتە وەک هاوبەشی خۆی لە بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی گەرووی هورمز دەناسێنێت، ڕاشکاوانە دژایەتیی داواکارییەکەی کۆماری ئیسلامیی کردووە بۆ وەرگرتنی هەر جۆرە باجێک لە هاتوچۆی کەشتییەکان لە گەرووی هورمزدا. نەک تەنیا عومان، بەڵکوو دەوڵەتەکانی دیکەی ناوچەکەش لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو، لە مەنامەی پایتەختی بەحرەین لە ڕۆژی پێنجشەممە ٤ی پووشپەڕ، کاردانەوەیان بەرامبەر بە دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی نیشان دا. ئەوان لە بەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوەکەیاندا، داوایان لە ئەمریکا کرد کە بەرنامەی مووشەکی و درۆنی کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی ڕژێم لە گرووپە ئیسلامییە بەکرێگیراوەکانی لە ناوچەکەدا، بخاتە نێو وتووێژەکانی کۆتاییهێنان بە شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەندامانی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو لەو بەیاننامەیەدا پێداگرییان کردووە کە ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە پێویستی بە وەڵامدانەوەیە بۆ سەرجەم هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی، لەوانە هەڕەشەی مووشەکە بالیستیکییەکان، درۆنەکان و پشتیوانی لە گرووپە چەکدارەکانی ناوچەکە. مارکۆ ڕووبیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداریی کردبوو، سەردانەکەی بۆ وڵاتانی کەنداو بە تەوەری لێکتێگەیشتننامەی تاران-واشنتۆن ناو برد و لە وەڵامی داواکارییەکەیاندا ڕایگەیاند کە ئەمریکا هیچ هەنگاوێک نانێت کە ببێتە هۆی لاوازکردنی هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا و ڕێککەوتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیش بە هەر نرخێک قبووڵ ناکات

لەگەڵ هەمموو ئەمانەشدا و لە هەلومەرجێکدا کە کۆبوونەوەیەکی لەو شێوەیە لە بەحرەین بەڕێوە دەچوو، کەشتییەکی بارهەڵگر لە گەرووی هورمز و لە نزیک کەناراوەکانی عومان کرایە ئامانج و زیانی پێ گەیشت. پەنجەی تۆمەت لەم هێرشەدا بۆ لای کۆماری ئیسلامی درێژ کرا، بۆ ئەوەی بەم کردەوە سەربازییە پەیامێک بداتە ئەو کۆبوونەوەیە و ڕایبگەیەنێت کە توانای ئەوەی هەیە هاتوچۆ لە گەرووی هورمز و تەنانەت لە ئاوەکانی وڵاتانی دیکەشدا پەک بخات. سوپای پاسداران لەم ماوەیەدا چەندین جار هەڕەشەی ئەوەی کردووە کە هەر جۆرە هاتوچۆیەکی کەشتییەکان بەبێ مۆڵەتی ئەوان، بە کردەوەی سەربازی وەڵام دەدرێتەوە. هەڕەشەی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە کردەوەی سەربازی و هێرشکردنە سەر کەشتییەکان لە گەرووی هورمز لە هەلومەرجێکدایە کە نەک تەنیا ئەمریکا، بەڵکوو هێزە سەرمایەدارییەکانی دیکەی ڕۆژاوا، لەوانە بەریتانیا و فەرەنساش بە ناردنی هێز و کەشتی جەنگی بۆ ناوچەی کەنداو، ئاسایشی هاتوچۆی کەشتییە نەوتهەڵگرەکانیان لەم ناوچە گرنگ و ستراتیژییەدا گرتووەتە ئەستۆ

هەر لەم پێناوەدا، بەرپرسانی پاشایەتیی عومان ڕۆژی سێشەممە ٢ی پووشپەڕ، وێڕای ئەوەی جارێکی دیکە هەر جۆرە هاوکارییەکیان لەگەڵ ڕژێمی ئیسلامی بۆ وەرگرتنی باج لە گەرووی هورمز ڕەت کردەوە، ڕایانگەیاند کە بە پابەندبوون بە یاسا نێودەوڵەتییەکان و بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دەریاوانی، کۆریدۆرێکی دەریایی کاتییان لە ئاوەکانی خۆیاندا لەم گەرووە دروست کردووە. ئەم دەوڵەتە ڕایەگەیاند کە سەرجەم ئەو کەشتییانەی بەتەمان بە گەرووی هورمزدا تێپەڕ بن، هاتوچۆی خۆیان بەبێ پێدانی مافی تێپەڕبوون لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەدا هەماهەنگ بکەن. وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو هەروەها ڕایانگەیاندووە کە هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێکی بازرگانی و وەبەرهێنان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا لە داهاتوودا هەڵدەوەشێندرێتەوە و لە ڕژێمی ئیسلامییان داوا کردووە کە پابەندی برگەکانی لێکتێگەیشتننامەکەی ئەمریکا بێت و کۆتایی بە ڕەفتارە ناسەقامگیرکەرەکانی لە ناوچەکەدا بهێنێت. بەم جۆرە، تەماعکاری و تەقەلای کۆماری ئیسلامی بۆ سەپاندنی هەژموون و دەسەڵاتی خۆی بەسەر گەرووی هورمزدا لە ڕێگەی مووشەک هاویشتن و وەرگرتنی ملیۆنان دۆلار لە هەر کەشتییەک بۆ تێپەڕبوون لەم گەرووە، ڕووبەڕووی کۆسپێکی جدی بووەتەوە

سەرەڕای ئەمانەش، قەیرانە قووڵە ئابوورییەکانی کۆماری ئیسلامی بە باجگیری، ئاژاوەگێڕی و هەڕەشەی سەربازی چارەسەر نابن. لە میانی دوو شەڕی وێرانکەر و کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا، بەشێک لە ژێرخانە پیشەسازی و خزمەتگوزارییەکانی ئێران لەناو چوون. سەرکردایەتیی سوپای پاسداران کە ئێستا دەسەڵاتی بە تەواوی قۆرخ کردووە، تەنانەت ئەگەر لە هەڵگرتنی گەمارۆکان و فرۆشتنی نەوتیشدا پارەیەک بە دەست بهێنێت، لە پلەی یەکەمدا بۆ نۆژەنکردنەوەی هێزە سەرکوتگەرەکان و دەزگا سەربازی و ئەمنییەکان خەرجی دەکات، و هیچ گرنگییەک بە دابینکردنی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و توێژە هەژارەکانی دیکەی کۆمەڵگە نادات. بێگومان لە قۆناغی پاش شەڕدا، قەیرانی ئابووری، هەڵاوسان، گرانی، هەژاری و برسیەتی بەردەوام دەبێت و ئاکام و لێکەوتە وێرانکەرەکانی پێش هەمموو کەس بەرۆکی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش لە ئێران دەگرێت. بەرزبوونەوەی سەد لە سەدی نرخی نان وەک بژێوی سەرەکیی خێزانە بەشمەینەتەکان لە سەرەتای مانگی پووشپەڕ و یەک هەفتە دوای واژۆکردنی لێکتێگەیشتننامەکە، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە

بەڵام لە لایەکی دیکەوە، ئاشکرایە کە چینی کرێکار و جەماوەری بەشخوراوی ئەم کۆمەڵگایە لە بەرامبەر ئەم پەلامارەی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایە بۆ سەر ژیان و گوزەرانیان، دەستەوئەژنۆ دانانیشن، بەڵکوو بە پشتبەستن بە ئەزموون و دەسکەوتە خەباتکارییەکانی تا ئێستایان و ئەو کادر و ڕابەرانەی لە جەرگەی ئەم تێکۆشانەدا پەروەردە بوون، درێژە بە مانگرتن و ناڕەزایەتییەکان دەدەن و لەم ڕەوتەشدا پێداویستییەکانی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی دەستەبەر دەکەن





# سەد و بیست و حەوتەمین هەفتەی هەڵمەتی «سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە» لە ٥٧ زینداندا

## با بزووتنەوەی نا بۆ سێدارە پەرەپێبدەین

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بێ وچان و بەردەوام، لەژێر پاساوی پاراستنی ئاسایشی گشتی لە بەرامبەر دزەکردنی دوژمنانی دەرەکی، درێژە بە لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسی دەدات. هەروەها لەژێر پەردەی ڕێگریکردن لە تاوان و دەستەبەرکردنی مافی هاووڵاتییاندا، زیندانیان و تاوانبارانی ئاسایی لە سێدارە دەدات. زیندان و ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی نەیارانی سیاسی هەر لە سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنی حکوومەتی ئیسلامییەوە تا ئێستا، یەکێک بووە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی دەسەڵاتداریی ئەم ڕژێمە جینایەتکارە. بەڵام ئەمڕۆ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا کە لەژێر باری قورسی قەیرانی ئابووری و بێتوانایی لە درێژەدان بە شەڕ، ڕێگەی سازشکردنی لەگەڵ ئەمریکا گرتووەتە بەر، ڕوو بە کرێکاران و جەماوەری ناڕازی ئێران چەکی کێشاوە و زیندان و ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی کردووەتە ڕەمزی مانەوەی خۆی. ئەم ڕژێمە تاوانکارە تەنانەت کاتێک تاوانبارانی ئاسایی لە سێدارە دەدات، ئامانجی ترساندن و تۆقاندنی کۆمەڵگا و نەیارانی سیاسییە. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو دڕندەیی و وەحشیگەرییەی کە ڕژێم لە خۆی نیشانی دەدات، ئەوەی کە ئاشکرایە ئەم حەقیقەتەیە کە شەپۆلی لەسێدارەدان و سەرکوت نەیتوانیوە کۆمەڵگا چاوترسێن بکات و خەبات دژی سزای لەسێدارەدان و بۆ ئازادی زیندانیانی سیاسی هەروا بەردەوامە. ژنان و پیاوانی زیندانی سیاسی، ئەم مرۆڤە ئازا و ئازادیخوازانە، بە ڕێکخستنی هەڵمەتی «سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە» لەپشت شیشە و دیوارەکانی زیندانەوە، دەمێکە ئاڵای خەبات دژی سزای لەسێدارەدانیان شەکاندووەتەوە

هەڵمەتی «سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە» کە لە ٥٧ زیندانی ئێراندا بەردەوامە، لە سەد و بیست و حەوتەمین هەفتەی مانگرتن لە خواردن، لە ڕێگەی بەیاننامەیەکەوە لە ڕێکەوتی سێشەممە ٩ی پووشپەڕی ١٤٠٥ ڕایگەیاندووە کە ماشێنی لەسێدارەدان و سەرکوتی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هەروا بەردەوامە و ڕۆژانە شایەتی لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسی و زیندانیانی تاوانە گشتییەکانین لە سەرتاسەری وڵاتدا. لەم بەیاننامەیەدا هاتووە

"دەزگای قەزایی حکوومەت ڕایگەیاندووە کە لە سەرەتای ئەم شەڕەی دواییەوە تا ئێستا، ٣ هەزار و ٢٩٢ کەسی بە تۆمەتی «هاوکاریکردن لەگەڵ دوژمن» دەستبەسەر کردووە. ئەم ئامارە لە هەلومەرجێکدا بڵاو دەکرێتەوە کە دوای سەرکوتی ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکانی بەفرانباری ١٤٠٤ لەلایەن هێزە سەربازی و ئەمنییەکانەوە، ڕەوتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ناڕازییان پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە و بەشێکی زۆر لە دەستبەسەرکراوان لەبەردەم مەترسیی دەرکردنی سزای لەسێدارەدان یان زیندانی درێژخایەندان." لەم بەیاننامەیەدا وێڕای ئاماژەدان بە ئاماری نزیکەی ١٤٠ زیندانی لەسێدارەدراو لە مانگی جۆزەردانی ئەمساڵدا، جەخت کراوەتەوە کە

"کارنامەی ئەم حکوومەتە پڕە لە پێشێلکاری بەرفراوان و ئاشکرای مافەکانی مرۆڤ و کەڵکوەرگرتن لە سێدارەدان وەک ئامرازێک بۆ سەرکوت و تۆقاندن. هەزاران بنەماڵە لە ئێراندا داخداری ئازیزانێکن کە لە پرۆسەیەکی نامرۆڤانەدا بوونەتە قوربانیی ئیرادەی سەرکوتگەرانەی حکوومەت. لەم نێوەندەشدا دەنگی باوکێک کە دەپرسێت: «گۆڕی کوڕەکەم لە کوێیە؟» دەنگێکە کە لە قووڵایی ڕەنج و نادادپەروەرییەوە هەڵدەقوڵێت؛ پرسیاری باوکی وەحید بەنیعامریان، ئەو زیندانییە سیاسییەی کە لەگەڵ پێنج زیندانی سیاسی تر لە خاکەلێوەی ئەمساڵدا لە زیندانی قزڵحەسار لەسێدارە درا، و ئەو بنەماڵانەی تریش کە تەرمی ڕۆڵەکانیان پێ نەدرایەوە، تەنیا داخوازییەکی کەسی نییە، بەڵکوو هاواری زۆرێک لە دادخوازانە کە تەنانەت لە مافی سەرەتایی زانینی شوێنی ناشتنی ئازیزەکانیشیان بێبەش کراون. ئەم بێبەشکردنە، درێژەدانە بە سزادان لە دوای مەرگ و پێشێلکردنی ئاشکرای کەرامەتی مرۆڤە. شوێنێک کە ڕەنجەکان نەک هەر کۆتاییان نایەت، بەڵکوو تەنانەت مۆڵەتی پرسەگێڕانیشیان پێ نادرێت." هەڵمەتی «سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە» لە کۆتایی ئەم بەیاننامەیەدا جارێکی تر لەسەر ئیرادە و پێداگری خۆیان بۆ درێژەدان بە خەبات دژی سزای سێدارە و تێکۆشان لە پێناو وەدیهێنانی ئازادی و یەکسانیدا جەختیان کردووەتەوە

لە هەلومەرجی ئێستادا کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ڕێگەی سازشی لەگەڵ ئەمریکا گرتووەتە بەر، پەرەسەندنی سەرکوت و لەسێدارەدانەکانی ئەم دواییە دەبێت لە پەیوەندی لەگەڵ قووڵبوونەوەی قەیرانی مەشرووعییەتی سیاسی، کەلێن و فرەباڵی لە نێوخۆی دەسەڵات، بێتوانایی ئایدیۆلۆژیک لە پاساوهێنانەوە و مەشرووعیەتدان بە دۆخی هەنووکەیی، و هەروەها ترس و دڵەڕاوکێ لە پەرەسەندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان لێک بدرێتەوە. لە وەها هەلومەرجێکدا، توندکردنەوەی سەرکوت هەم وەک ستراتیژیی مانەوە و هەم وەک تاکتیک، بووەتە یەکێک لە ئامرازە سەرەکییەکانی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان. ئەم لەسێدارەدانە بەرنامەبۆدارێژراوانە زیاتر لەوەی نیشانەی هێز و دەسەڵات بن، دەربڕی لوتکەی قەیرانی مەشرووعیەتی ڕژێمی ئیسلامی و داماوی لە وەڵامدانەوە بە داخوازییەکانی کۆمەڵگەن. ئێستا و لە کاتێکدا کە زیندانیان لەگەڵ کەمبوونی جێگا، خۆراک و پێداویستییە ژیانی و تەندروستییەکاندا بەرەوڕوون، هێشتا هەزاران کەس لە دەستبەسەرکراوانی ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکەی بەفرانباری ١٤٠٤ لە زیندانەکاندان. ڕژێمی جینایەتکاری ئیسلامی بۆ چاوترسێنکردنی کۆمەڵگە، ئەم زیندانیانەی بە بارمتە گرتووە، داسی مەرگی بەسەر سەریاندا هەڵواسیوە و هەموو هەفتەیەک ژمارەیەکیان لە سێدارە دەدات

لە بارودۆخی ئێستادا، پەرەپێدان بە بزووتنەوەی هاودڵی و هاوپشتی لەگەڵ بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی لە ناوخۆی ئێران و پشتیوانی و هاوپشتی لەگەڵ «هەڵمەتی نا بۆ سێدارە» کە ئاڵاکەی لەپشت شیشەی زیندانەکانەوە هەڵدراوە، زیاتر لە جاران زەروورەتی پەیدا کردووە. لە دەرەوەی وڵاتیش پێویستە هەموو هێزەکان و مرۆڤە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان، دەست لەناو دەستی یەکتر و بە ڕێکخستن و وەڕێخستنی کەمپەین و هەڵمەتە سیاسییەکان، گوشار بخەنە سەر ڕژێمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی کۆتایی بە لەسێدارەدانەکان بهێنێت و زیندانیانی سیاسی ئازاد بکات

❋❋❋



# بەکاڵابوونی جەستەی ژن لەنێو تۆڕە ڕێکخراوەکانی توندوتیژیدا

ئۆپەراسیۆنی «پرۆژەی مێدۆسا»، کە لە مانگی ئاوریلی ٢٠٢٦ەوە بە هاوکاری دامەزراوە پۆلیسی و دادوەرییەکانی وڵاتانی بریتانیا، ئاڵمان، ئەمریکا، بەرازیل، کەنەدا، فەڕانسە، مجارستان و هۆلەند بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی باندە ڕێکخراوەکانی دەستدرێژی سێکسی دەستی پێکردووە، تا ئێستا بووەتە هۆی دەستنیشانکردنی لانیکەم ١٥٦ قوربانی و تۆمەتبار، دۆزینەوەی زیاتر لە ٢٧٠ سەرەداوی نوێ و دەستبەسەرکردنی ٥٧ کەس. لێکۆڵینەوەکان دەریاندەخەن کە ئەندامانی ئەم تۆڕانە، ئەپەکانی چاتکردنی کۆدکراویان بۆ ئاڵوگۆڕکردنی شێوازەکانی بێهۆشکردنی ژنان، شاردنەوەی ئاسەوارەکانی تاوان، هەماهەنگی بۆ ئەنجامدانی دەستدرێژی، و بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆکانی قۆستنەوە و چەوساندنەوەی سێکسی بەکار هێناوە. پانتایی ئەم دۆسیەیە تەنیا باس لە ڕەهەندەکانی ئۆپەراسیۆنێکی پۆلیسی ناکات، بەڵکوو جارێکی دیکە واقیعێکی قووڵتر ئاشکرا دەکات: توندوتیژی دژی ژنان لە سەرمایەداری هاوچەرخدا، لە قاڵبی تۆڕی سەروونەتەوەیی، دیجیتاڵی و ڕێکخراودا سەرلەنوێ بەرهەم دەهێنرێتەوە؛ تۆڕگەلێک کە لە پەیوەندییە پیاوسالارییەکان، تەکنەلۆژیا نوێیەکانی پەیوەندیکردن و ئابووری شاراوەی پڕسوودەوە سەرچاوە دەگرن. هەر بۆیە، کورتکردنەوەی ڕووداوی لەم چەشنە لەنێو ڕاپۆرتە تاوانکارییەکان یان کاردانەوە ئەخلاقییەکاندا، بە واتای فەرامۆشکردن و نادیدەگرتنی بنەما کۆمەڵایەتی و ماددییەکانی بەرهەمهێنەری ئەم توندوتیژییەیە. ئێمە لەبەردەم تۆڕێک لە توندوتیژی ڕێکخراو دژی ژناندایین کە ئیتر ناکرێت تەنیا وەک کۆمەڵێک تاوانی پەرتەوازە یان لادانی تاکەکەسی پێناسە بکرێت

ئەوەی لە ساڵانی دواییدا دەرکەوتووە، دروستبوونی کۆمەڵێک پێوەندیی سەروونەتەوەیی، دیجیتاڵ و ڕێکخراوە کە توندوتیژی سێکسی لە ئاستی کردەوەیەکی تاکەکەسییەوە تێپەڕاندووە و کردوویەتی بە بەشێک لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری و تەکنەلۆژی. ئەو تێڕوانینەی کە ئەم دیاردەیە کورت دەکاتەوە بۆ نەخۆشییە دەروونییەکانی تاوانباران، گەندەڵی ئەخلاقی یان لاوازی سیستەمە پۆلیسییەکان، لە تێگەیشتنی ڕەگ و ڕیشە کۆمەڵایەتییەکانی کێشەکە دادەمێنێت. توندوتیژی بەشێکە لە پێوەندییەکانی دەسەڵات و هەژموون، پێوەندیگەلێک کە لە زەمینە و بنەما ماددییەکانی کۆمەڵگادا فۆڕم دەگرن و لە ڕێگەی دامەزراوە کولتووری، حقوقی و ئابوورییەکانەوە دووبارە بەرهەم دەهێنرێنەوە. لە چوارچێوەیەکی ئاوادا، توندوتیژی سێکسی، دەرئەنجامی تۆڕێک لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە کە مرۆڤ دەکاتە ئامانجی هەژموون و جەستەی ژنیش دەکاتە گۆڕەپانی سەپاندنی دەسەڵات

لە دۆسیەکانی ئەم دواییەدا، ئەوەی لە سەرووی هەموو شتێکەوە سەرنج ڕادەکێشێت، ڕێکخراوبوونی ئەم توندوتیژییەیە. پیاوانێک کە لە گرووپە کۆدکراوەکاندا سەبارەت بە شێوازەکانی بێهۆشکردنی ژنان، شاردنەوەی ئاسەوارەکانی تاوان، دەربازبوون لە چاودێری پۆلیس و تەنانەت چۆنیەتیی وێنەگرتن و بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆکانی دەستدرێژی، ئەزموونەکانیان لەگەڵ یەکتردا ئاڵوگۆڕ دەکەن. ئەوان تەنیا زانیاری ئاڵوگۆڕ ناکەن، بەڵکوو خەریکی بەرهەمهێنانی کولتوورێکی هاوبەشن. لەم کەشەدا، توندوتیژی دەگۆڕێت بۆ بابەتی فێربوون، ململانێ و بەدەستهێنانی متمانە لە نێوان ئەندامانda. ئەزموونی تاوانکاری لە دۆخە شاراوە و تاکەکەسییەکەی دەردەچێت و دەبێتە سەرمایەیەکی ڕەمزی بۆ بەدەستهێنانی پێگە لە نێو تۆڕەکەدا

هەر ئەم تایبەتمەندییەشە کە ئەم جۆرە لە توندوتیژی لە زۆرێک لە فۆڕمە سوننەتییەکانی تاوان جیا دەکاتەوە. ئەگەر لە ڕابردوودا دەستدرێژیکار هەوڵی دەدا کردەوەکەی بشارێتەوە، ئێستا توندوتیژی و تاوانەکانی دژی ژنان لە ڕێگەی تۆڕەکانەوە تۆمار دەکات، نمایشی دەکات و بڵاوی دەکاتەوە. وێنەی قوربانی، دەبێتە کاڵایەک بۆ بەکاربردن، ئاڵوگۆڕکردن و بەرهەمهێنانی شکۆ لە نێوان ئەندامانی تۆڕەکەدا. لەم پرۆسەیەدا، ژن وەک ئۆبژەیەکی شیاوی بەکارهێنان، شیاوی نمایشکردن و شیاوی ئاڵوگۆڕکردن پێناسە دەکرێتەوە؛ هەمان ئەو پرۆسەی مرۆڤسڕینەوەیەی کە یۆرۆپۆلیش هۆشداری لەبارەوە داوە. ڕەوتێکی لەم شێوەیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی زەمینە مێژوویی و کولتوورییەکانی پیاوسالاری لەنێو سیستەمی سەرمایەداریدا جێگەی تێگەیشتن نییە. پیاوسالاری، سیستەمێکە لە پێوەندییەکانی دەسەڵات کە مەشرووعییەت بە خاوەندارێتیی ڕەمزیی پیاو بەسەر جەستە، ژیان و ئیرادەی ژندا دەبەخشێت. ئەم هەژموونە لە خێزان، ژینگەی کار، سیستەمی پەروەردە، میدیاکان و تەنانەت لە زمانی ڕۆژانەشدا دووبارە بەرهەم دەهێنرێتەوە و لە ڕێگەی هەر ئەم میکانیزمانەشەوە، توندوتیژی دژی ژنان دەبێتە شتێکی ئاسایی و پاساوهەڵگر

دۆسیەی ژیزێل پێلیکۆ لە فەڕانسە نموونەیەکی ڕوونی ئەم واقیعەی ئاشکرا کرد. لەم دۆسیەیەدا، هاوسەری قوربانییەکە بە درێژایی چەندین ساڵ دەیان پیاوی نامۆی بانگهێشت کردبوو بۆ ئەوەی دەستدرێژی بکەنە سەر ژنە بێهۆشەکەی. گرنگیی ئەم دۆسیەیە لەوەدایە کە نیشانی دا توندوتیژی سێکسی دەتوانێت لەسەر بنەمای هاوکاری، بەشداری و هاودەستیی بەکۆمەڵ فۆڕم بگرێت. زۆرێک لە ئەنجامدەران نەک لەژێر زەبر و زۆردا، بەڵکوو بە هەستی مەشرووعییەت و تەنانەت بە حەزی خۆیان بەشدارییان لەم تاوانەدا کردبوو. ئەم دۆخە دەریدەخات کە چۆن ئایدۆلۆژیای پیاوسالاری دەتوانێت سنووورە ئەخلاقییەکان هێندە دابەزێنێت کە دەستدرێژی لە فۆڕمی «ئەزموونی هاوبەش»، «گاڵتەجاڕی» یان «چالێنج»دا وێنا بکرێت و هەستی بەرپرسیارێتی تاکەکەسی لەناوببات

بەڵام پیاوسالاری بەتەنیا توانای شیکردنەوەی تەواوی ڕەهەندەکانی ئەم دیاردەیەی نییە. لە سەردەمی سەرمایەداری هاوچەرخدا، توندوتیژیش هاوشێوەی زۆرێک لە بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی، ڕووبەڕووی بەکاڵابوون بووەتەوە. تۆڕە مەجازییەکان، بازاڕە ژێرزەمینییەکان و کەناڵە نایاساییەکان تەنیا شوێنی ئاڵوگۆڕی ئەزموون نین؛ بەڵکوو ئەوان بەشێکن لە سووڕی بەرهەمهێنان، دابەشکردن و بەکاربردنی ناوەڕۆکێک کە لەسەر بنەمای سووکایەتی و مەینەتییەکانی مرۆڤ فۆڕمی گرتووە. وێنە و ڤیدیۆکانی چەوساندنەوەی سێکسی، بینەر بۆ خۆیان ڕادەکێشن، بەهای ئابووری بەرهەم دەهێنن و یارمەتیدەرن بۆ سووڕانەوەی سەرمایە لە ئابووری شاراوەی دیجیتاڵیدا. لێرەدا جەستەی ژن نەک تەنیا ئامانجی هەژموون و چەوساندنەوەیە، بەڵکوو سەرچاوەی بەرهەمهێنانی "بەهای ئاڵوگۆڕ"یشە

بەکاڵابوون، دەرفەتی تێگەیشتنێکی وردتر بۆ ئەم دۆخە دەڕەخسێنێت. سەرمایەداری مەیلی بەردەوامی هەیە بۆ گۆڕینی هەر پرسێکی مرۆیی بۆ کاڵا. هێزی کار، سروشت، کولتوور، زانیارییەکان و تەنانەت پێوەندییە سۆزدارییەکانیش لە لۆژیکی بازاڕدا دەگۆڕدرێن بۆ کاڵای شیاوی کڕین و



فرۆشتن. کاتێک هەر ئەم لۆژیکە بۆ جەستەی مرۆڤیش پەل دەهاوێژێت، توندوتیژی دەتوانێت ببێتە بەرهەمێکی قازانجهێنەر. بەهای ئابووریی ئەم ناوەڕۆکە، لە توانای فرۆشتن، دووبارە بەرهەمهێنانەوە و سووڕانەوەی لە بازاڕە نافەرمییەکاندا سەرچاوە دەگرێت. بەم شێوەیە، سەرمایەداری لەم بوارەدا، بە دابینکردنی ژێرخانە تەکنەلۆژییەکان، ئابووریی پلاتفۆرمی، سووڕی سەرمایە و لاوازی چاودێری بەسەر بازاڕە دیجیتاڵییەکاندا، زەمینە و مەرجە ماددییەکانی بەردەوامی ئەم جۆرە تۆڕانە خۆش دەکات

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم دۆسیانە، تێپەڕینە لە مۆدێلی «تاوانباری تاک»ەوە بەرەو پێکهاتە تۆڕییەکان. تەکنەلۆژیاکانی پەیوەندی، مەسنجەرە کۆدکراوەکان و کۆڕبەندە داخراوەکانی ئینتەرنێت، دەرفەتی دروستکردنی ئەو گرووپانەی ڕەخساندووە کە تێیاندا تاوان ڕێکدەخرێت. دابەشکردنی کار لەم تۆڕانەدا یەکجار بووەتە هاوشێوەی دابەشکردنی کار لە بەرهەمهێنانی سەرمایەدارانەدا. کەسێک ماددە بێهۆشکەرەکان دابین دەکات، یەکێکی تر قوربانییەکە دەستنیشان دەکات، کەسێک بەرپرسی تۆمارکردنی وێنەکانە و کەسێکی دیکەش ئەرکی بڵاوکردنەوە، ئەرشیڤکردن یان فرۆشتنی ناوەڕۆکەکە لە ئەستۆ دەگرێت. ئەوەش دەرئەنجامەکەی تۆڕێکە کە تێیدا بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی لە نێوان تاکەکاندا دابەش دەبێت و کاڵ دەبێتەوە، بەڵام کارامەیی تاوان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز دەبێتەوە. هەر ئەم تایبەتمەندییە وایکردووە کە مامەڵەی ڕووت و پەتیی پۆلیسیانە ناتەواو بێت. دەستگیرکردنی دەیان کەس و هەڵوەشاندنەوەی چەندین تۆڕ، هەرچەندە زەروورەتێکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام تا ئەو کاتەی هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکانی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەم چەشنە پێوەندییانە لە ئارادا بمێنن، تۆڕی نوێ جێگەیان دەگرنەوە. ئەزموونی خەبات دژی تاوانە ڕێکخراوەکانیش نیشانی داوە کە سڕینەوەی تاکەکان، بەبێ لەناوبردنی میکانیزمەکانی بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی تاوان، تەنیا دەبێتە هۆی جێگۆڕکێی کاتیی ئەکتەرەکان

لەبەر ئەم هۆکارە، بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە دەبێت هاوکات لە چەند ئاستێکدا پەیڕەو بکرێت. پشتیوانی هەمەلایەنە لە قوربانیان، لێپێچینەوەی کاریگەر لە ئەنجامدەران، سڕینەوەی خێرای ناوەڕۆکی تاوانکاری و لەناوبردنی ژێرخانەکانی بڵاوکردنەوەی، یەکەمین هەنگاوەکانن؛ بەڵام لە تەنیشت ئەم هەنگاوانەوە، دەبێت ڕووبەڕووی ئەو پێوەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوورییانە ببینەوە کە دەرفەتی دروستبوونی ئەم جۆرە تۆڕانە دەڕەخسێنن. خەبات بەرامبەر بە ژنستیزی پێکهاتەیی، ڕەخنەکردنی کولتووری خاوەندارێتیی پیاو بەسەر جەستەی ژندا، بەرەنگاربوونەوەی پیشەسازی پرسوودی چەوساندنەوەی سێکسی و سەپاندنی بەرپرسیاریەتی جیدی بەسەر کۆمپانیاکانی تەکنەلۆژیادا لە هەمبەر سووڕانەوە و بڵاوبوونەوەی ناوەڕۆکی تاوانکاریدا، بەشێکی دانەبڕاوی ئەم خەباتەن


❊❊❊

# شەپۆلی نوێی سەرکوت لە زانکۆکاندا

زانکۆ لە ئێراندا هەرگیز تەنیا دامەزراوەیەکی پەروەردەیی نەبووە، بەڵکوو هاوکات هەمیشە یەکێک بووە لە گۆڕەپانەکانی کێشمەکێشی نێوان ڕژێمە دەسەڵاتدارەکان و کۆمەڵگا، کە تێیدا بەرهەمهێنانی هۆشیاری، خۆڕێکخستنی ناڕەزایەتییەکان و خەباتی سیاسیش بەڕێوە چووە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش، شەپۆلی نوێی بانگهێشتکردن، هەڵپەساردن و دەرکردنی خوێندکاران لەلایەن دامەزراوە ئەمنییەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییەوە، ناکرێت تەنیا وەک کۆمەڵێک بڕیاری کارگێڕی یان ئینزیباتی (لێژنەی دیسپلین) سەیر بکرێت. ئەوەی ئەمڕۆ لە زانکۆکاندا دەگوزەرێت، بەشێکە لە ستراتیژییەکی بەرفراوانتری ڕژێمی ئیسلامی بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا لە هەلومەرجی قووڵبوونەوەی قەیرانە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا. ئەو ڕووبەڕووبوونەوانەی لە زانکۆکانی 'خاجەنەسیر'، 'شەریف'، 'عیلم و سەنعەت'، 'سووورە'، 'سەجادی مەشهەد' و 'تاران' ڕوویان داوە، پێکەوە وێنەیەکی ڕوون لە یەک سیاسەتی هاوبەش دەخەنە ڕوو. لە خاجەنەسیر ژمارەی دۆسیە چالاکەکان لە ٢٢ دۆسیە تێپەڕیوە و بۆ هەندێک لە خوێندکاران هاوکات چەندین دۆسیە کراوەتەوە. لە زانکۆی شەریف لانیکەم حەوت خوێندکار ڕووبەڕووی سزای دەرکردن یان بێبەشبوون لە خوێندن بۆ ماوەی چەندین ساڵ بوونەتەوە. لە سووورە نزیکەی ٢٢ خوێندکار سزای قورسیان بەسەردا سەپاوە و لە عیلم و سەنعەتیش ژمارەیەک لە خوێندکاران بەبێ تێپەڕاندنی پرۆسەیەکی شەفاف لە درێژەدان بە خوێندن بێبەش کراون

ئامانجی دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لە قۆناغی دوای شەڕدا، تەنیا کۆنترۆڵکردنی ناڕەزایەتییەکی کاتی نییە، بەڵکوو داڕشتنەوەی زانکۆیە وەک ژینگەیەکی گوێڕایەڵ، ناسیاسی و بێتوانا لە خۆڕێکخستندا. ئەم گۆڕانکارییە دەبێت لەنێو جەرگەی ئەو قەیرانانەدا تێبگەین کە بەرۆکی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییان گرتووە. کۆمەڵگایەک کە ڕووبەڕووی هەڵاوسانی بێسنوور، پەرەسەندنی هەژاری، نائارامیی پیشەیی، داڕمانی هیوای کۆمەڵایەتی و قووڵبوونەوەی کەلێنە چینایەتییەکان بووەتەوە، بێگومان زانکۆش دەکاتە بەشێک لە مەیدانی ململانێکان. خوێندکار تەنیا لەگەڵ پرسی پەروەردەدا بەرەوڕوو نییە؛ بەڵکوو ئەو لەگەڵ داهاتوویەکی نادیار، بازاڕێکی کاری داخراو، هەڵاواردن و نایەکسانی پێکهاتەیی و بەرتەسککردنەوەی سیاسی دەژی. هەر لەبەر ئەمەشە، ناڕەزایەتی خوێندکاران، ڕەنگدانەوەی ناکۆکییە بەرفراوانەکانی نێو کۆمەڵگایە. لە هەلومەرجێکی لەم چەشنەدا، کۆمیتە ئینزیباتییەکانی زانکۆ بەکردەوە بوونەتە بەشێک لە دەزگای سەرکوت و ئەمنییەتی حکومەتی ئیسلامی. لێرەدا ئیتر ناکرێت باس لە میکانیزمی یاسایی بکرێت؛ ئەوەی هەیە، کەڵکوەرگرتنە لە ڕواڵەتی یاسا بۆ ڕەواییدان بە بڕیارێکی سیاسی. زانکۆ لەژێر حاکمییەتی سەرمایەداریی ئیسلامیدا، لە لایەکەوە دەبێت هێزی کاری پسپۆڕی پێویست بۆ بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییە باڵادەستەکان دابین بکات، لە لایەکی دیکەشەوە ڕەنگدانەوەی دژایەتییەکانی نێو کۆمەڵگایە و هەمیشە توانای بەرهەمهێنانی هۆشیاری و بەرخۆدان لە خۆیدا دەپارێزێت. ڕێک هەر ئەم ناکۆکییەشە کە زانکۆی کردووەتە یەکێک لە هەستیارترین گۆڕەپانەکانی ململانێی سیاسی. هەر کاتێک قەیرانە ئابووری و سیاسییەکان لە کۆمەڵگادا توندتر دەبنەوە و زەمینە بۆ پەرەسەندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەبار دەبێت، توانای ناڕەزایەتی زانکۆش بۆ حاکمییەت دەبێتە پرسێکی ئەمنی. بەم هۆکارە، پەروەندەسازی، هەڵپەساردن و دەرکردنی خوێندکارانی ناڕازی، دەبێت وەک بەشێک لە سیاسەتی بەرهەمهێنانەوەی نەزمی سیاسی باڵادەست چاوی لێ بکرێت

لە هەندێک لە پەروەندەکانی زانکۆی شەریفدا، چالاکی خوێندکاران لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کراوەتە بنەمای دەرکردنی سزاکان. ئەمەش دەریدەخات کە سنووری نێوان زانکۆ و کۆمەڵگا، یان نێوان چالاکی مەیدانی و چالاکی ئۆنلاین، بەکردەوە سڕاوەتەوە. ئەوەی خراوەتە ژێر چاودێرییەوە، هەر جۆرە شێوازێک لە چالاکی و دەربڕینی ناڕەزایەتی سیاسییە. بە واتایەکی دیکە، ئامانجی دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێم، لەناوبردنی هەر چەشنە نیشانەیەکە لە ئازادی ڕادەربڕین و خۆڕێکخستن. هاوکات، کەڵکوەرگرتن لە ئامرازە ئینزیباتییە نەرمەکانیش پەرەی سەندووە. ئەو ڕاپۆرتانەی باس لە کەمکردنەوەی



سزاکان لە بەرامبەر هاوکاریکردن لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکان یان مەرجدارکردنی سووککردنی سزاکان بە دەربڕینی پەشیمانی دەکەن، ئەوە دەسەلمێنن کە پرسەکە تەنیا سڕینەوەی ناڕازییان نییە. ئامانجەکە، بەرهەمهێنانی «سوژە»یەکی گوێڕایەڵە؛ خوێندکارێک کە نەک تەنیا بێدەنگ بێت، بەڵکوو زمانە فەرمییەکەی دەسەڵاتیش بەرهەم بهێنێتەوە. لێرەدا سزادان، میکانیزمێکە بۆ دارشتنەوەی پەیوەندییەکانی پاوانخوازی و باڵادەستی. لە زانکۆی تارانیش بەکارهێنانی ئەو وێنانەی لە کەناڵەکانی سەر بە بەسیج بڵاوکراونەتەوە وەک بەڵگەی دۆسیە ئینزیباتییەکان، باس لە تێکەڵاوبوون و پەیوەندی نهادە فەرمییەکان و تۆڕە نافەرمییەکانی کۆنترۆڵکردن دەکات

لە ڕاستیدا خوێندکاران، ڕووبەڕووی تۆڕێک لە دامەزراوەی ئەمنی، حەراسەتی و نیمچەفەرمی بوونەتەوە کە شانبەشانی یەکتر کار دەکەن. دەرەنجامەکەشی، گۆڕینی زانکۆیە بۆ فەزایەک کە لەسەر بنەمای چاودێری بەردەوام، خۆسەنسۆرکردن و تۆقاندن دامەزراوە. بەڵام هەر ئەم ڕەوتە، دیوێکی دیکەشی هەیە. پەرەسەندنی سەرکوت، زیاتر لەوەی نیشانەی ئیقتیدار و هێز بێت، دەرخەری قووڵبوونەوەی قەیرانی ڕەوایی (مەشرووعییەت)ی ڕژێمی ئیسلامییە. دۆسیەسازی بۆ خوێندکارانی خەباتکار، نە قەیرانەکە لەناو دەبات و نە کۆتایی بە ناڕەزایەتییەکان دەهێنێت؛ بەڵکوو دەیگوازێتەوە بۆ توێژە قووڵەکانی نێو کۆمەڵگا. بنەماڵەکان، مامۆستایان، خوێندکارە بێبەشکراوەکان لە خوێندن و ڕای گشتی، هەموویان تێکەڵی ئەم پرۆسەیە دەبن و بازنەی قەیرانەکە بەرفراوانتر دەبێت. ئەزموونی مێژووییش سەلماندوویەتی کە داخستنی ڕێڕەوەکانی ناڕەزایەتی، مەرج نییە ببێتە هۆی کپبوونەوەی ناڕەزایەتییەکان. تا دەرفەتی دەربڕینی ناڕەزایەتی و داواکارییەکان بەرتەسکتر بێتەوە، زەمینە بۆ شێوازە ڕادیکاڵەکانی خەبات خۆشتر دەبێت. کاتێک میکانیزمە ئەمنییەکان وەک ئامرازێکی سڕینەوەی سیاسی کار دەکەن، زەمینە بۆ گرێدرانەوەی ناڕەزایەتییە پەرشوبڵاوەکان و پێکهاتنی هاوپشتییەکی بەرفراوانتر لەبار دەبێت. لەم ڕوانگەیەوە، ئەوەی ئەمڕۆ لە زانکۆکاندا دەگوزەرێت، تەنیا پرسی خوێندکاران نییە. بزووتنەوەی خوێندکاری یەکێک لەو بزووتنەوانەیە کە هێشتا توانای خۆڕێکخستن و پێکەوەگرێدانی ئەزموونە جیاوازەکانی ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی لە خۆیدا پاراستووە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بزووتنەوەی خوێندکاری دەبێت وەک بەشێک لە هەوڵەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی پوتانسێلە ناڕەزایەتییەکانی کۆمەڵگا سەیر بکرێت. بەڵام ئەزموون دەریخستووە کە پەرەسەندنی میکانیزمەکانی سەرکوت، زیاتر لەوەی ببێتە هۆی چەسپاندنی دەسەڵات، دەرخەری لاوازی و لەرزۆکییەتی. تا گوشارەکان بۆ سەر زانکۆ زیاتر دەبن، ڕوونتر دەبێتەوە کە کێشە سەرەکییەکە، ترس لە شکڵگرتنی هۆشیاریی چینایەتی و پەرەسەندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان و پێکەوەگرێدرانی ئەم بزووتنەوانەیە. بزووتنەوەی خوێندکاریش تەنیا لە ڕێڕەوی ستراتیژیی یەکگرتن و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوەیە کە دەتوانێت پێشڕەویی خۆی مسۆگەر بکات

❋❋❋

# ڕێککەوتنی ئاشتی»ی نێوان دەوڵەتانی لوبنان و ئیسرائیل، لەنێوان گومان،» دڵەڕاوکێ و هیوادا

ڕۆژی هەینی، ٥ی پووشپەڕی ١٤٠٥ دەوڵەتانی لوبنان و ئیسرائیل بە نێوەندگیری دەوڵەتی ئەمریکا لە واشینگتۆن، لەسەر چوارچێوەیەک بۆ درێژەدان بە دانوستانەکان گەیشتنە ڕێککەوتن. دەوترێت ئەم چوارچێوەیە یەکەمین هەنگاوە بۆ ڕێککەوتنی کۆتایی ئاشتی نێوانیان. باڵیۆزانی دەوڵەتانی لوبنان و ئیسرائیل لە ئەمریکا بە ئامادەبوونی مارک ڕووبیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، هەر ئەو ڕۆژە ڕێککەوتننامەیەکی ١٤ خاڵییان واژۆ کرد

بەشێک لە خاڵەکانی ناو ئەم ڕێککەوتننامەیە بریتین لە: سەقامگیرکردن و پەرەپێدانی دەسەڵاتی دەوڵەتی لوبنان بەسەر تەواوی خاکی ئەم وڵاتەدا لە سێبەری چەکداماڵینی گرووپە چەکدارە نادەوڵەتییەکان و هەڵوەشاندنەوەی ژێرخانەکانیان و قۆرخکردنی چەک بەدەست دەوڵەتی لوبنانەوە؛ گەڕاندنەوەی ئاسایش بۆ باشووری لوبنان لە ڕێگەی جێگیرکردنی سوپای ئەم وڵاتە و گەڕانەوەی ئارامی خەڵکی مەدەنی بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان؛ بونیادنانی لوبنانێکی "ئارام و سەقامگیر" لەژێر دەسەڵاتی ڕەهای دەوڵەتدا کە تێیدا هیچ گرووپێکی چەکدار هەڕەشە نەبێت بۆ سەر هاووڵاتیانی ئیسرائیل و لوبنان؛ ڕێگریکردن لە تەرخانکردنی بودجە بۆ گرووپە چەکدارە نادەوڵەتییەکان و کەسانی سەر بەوان؛ و کشانەوەی قۆناغ بە قۆناغی سوپای ئیسرائیل لەو ناوچانەی لە باشووری لوبنان داگیری کردوون

شەڕی ئەم دواییەی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و حیزبوڵڵای لوبنان، لە ١١ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ و دوو ڕۆژ پاش کوژرانی عەلی خامنەیی دەستی پێکرد. بەپێی ئەو ئامارانەی بڵاوکراونەتەوە، لەم شەڕە تاوانکارانەیەدا تا ئێستا زیاتر لە ٤ هەزار کەس کوژراون و هەزاران کەسی دیکەش بریندار بوون، هەروەها زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لە خەڵکی بێدەرەتانی ئەم ناوچانەش کە لەژێر کۆنترۆڵی حیزبوڵڵادا بوون، ئاوارە و دەربەدەر بوون. ئاماری کوژراوە ئیسرائیلییەکان لەم شەڕەدا تەنیا ٣٨ کەس بووە کە پێکهاتوون لە هێزی سەربازی و خەڵکی مەدەنی

لەم ڕێککەوتننامەیەدا، دەوڵەتی ئیسرائیل کشانەوەی قۆناغ بە قۆناغی هێزەکانی خۆی لە خاکی داگیرکراوی لوبنان، گرێ داوە بە دەستپێکردنی پرۆسەی چەکداماڵینی حیزبوڵڵای لوبنانەوە. حیزبوڵڵای لوبنان ڕۆژی شەممە ٦ی پووشپەڕ بە دەرکردنی ڕاگەیاندراوێک دژایەتی خۆی بۆ ئەو ڕێککەوتننامەیە دەربڕی و بە ڕێککەوتنێکی سووکایەتیپێکارانە، مایەی شەرمەزاری و پووچەڵ ناوزەدی کرد. نەعیم قاسم، ڕێبەری حیزبوڵڵا، بە بێئیعتیبار زانینی ئەم ڕێککەوتنە، مەرجدارکردنی کشانەوەی ئیسرائیل بە چەکداماڵینی حیزبوڵڵای بە پێشنیارێکی زۆر مەترسیدار و بەزاندنی هێڵە سوورەکان وەسف کرد کە دەبێتە هۆی لاوازکردنی سەروەریی لوبنان. نەعیم قاسم وتیشی کە لەبری ئەم ڕێککەوتننامەیە، دەبێت لێکتێگەیشتنی تاران و واشینگتۆن بکرێتە بنەما کە لە بڕگەی یەکەمی ئەودا کۆتاییهێنان بە شەڕ لە سەرجەم بەرەکاندا بە لوبنانیشەوە، و هەروەها خۆبەدوورگرتن لە هەنگاوی سەربازی و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی لوبنان مسۆگەر کراوە

حیزبوڵڵا ڕایگەیاندووە کە تا کاتی کشانەوەی تەواوەتی ئیسرائیل لە خاکی لوبنان، درێژە بە «خەباتی چەکدارانە» دەدات. هەرچەندە پاش واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکە، سوپای ئیسرائیل ڕایگەیاندووە کە ئامادەیە وەک تاقیکردنەوە دوو خاڵ لە ناوچە داگیرکراوەکان ڕادەستی سوپای لوبنان بکات و ئەگەر سوپای لوبنان لە ڕێگریکردن لە دزەکردنی چەکدارانی حیزبوڵڵا سەرکەوتوو بێت، لە ناوچەی زیاتر دەکشێتەوە، بەڵام دژایەتی حیزبوڵڵا لەگەڵ ئەم ڕێککەوتننامەیە، کێشە و ئاستەنگ بۆ دەوڵەتی لوبنان لە ڕێڕەوی جێبەجێکردنی ئەم گەڵاڵەیەدا دروست دەکات. هەندێک لە بەرپرسانی حیزبوڵڵاش



هەڕەشەی ئەوەیان کردووە کە ئەم ڕێککەوتننامەیە مەترسی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی لێ دەکەوێتەوە

ئاشکرایە کە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەیەکی لەم شێوەیە لە واشینگتۆن و لە نێوان دەوڵەتانی لوبنان و ئیسرائیلدا، لە هەلومەرجێکدا کە حیزبوڵڵا لە میانی شەڕەکانی سێ ساڵی ڕابردووی لەگەڵ ئیسرائیلدا بەتوندی لاواز بووە، ناتوانێت لە قازانجی حیزبوڵڵا بێت. بەڵام کۆتاییهێنان بەم شەڕە کۆنەپەرستانە و تاوانکارانەیە و گەڕانەوەی ئاوارەکان تەنانەت بۆ سەر ماڵ و حاڵی وێرانکراویشیان، دەتوانێت دەرفەتێک بێت بۆ ڕزگاربوونیان لەم شەڕە و لە وێرانکاریی زیاتر. دەوڵەتی ئێستای لوبنانیش کە خۆی نوقمی قەیرانە قووڵە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە، ناتوانێت ئەوەندە بارودۆخی ژیان و بژێویی کرێکاران و جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش و چەوساوەی ئەم ناوچانە باشتر بکات. بەڵام زیاتر لە چوار دەیە سەپاندنی دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی حیزبوڵڵا لە لایەک، و پەلامارە سەربازییە یەک لەدوای یەکەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل لە لایەکی دیکەوە، جگە لە شەڕ، کوشتار، وێرانکاری، هەژاری و برسێتی، هیچ قازانجێکی بۆ خەڵکی لوبنان نەبووە. لەم ماوەیەدا حیزبوڵڵا، دەور و ڕۆڵی هەبووە لە قووڵکردنەوەی قەیرانە سیاسی، ئابووری، سەربازی و کۆمەڵایەتییەکانی لوبناندا. بە پەرەپێدانی کولتووری کۆنەپەرستانە، کۆمەڵگەی لوبنانی چەندین دەیە بەرەو دواوە گەڕاندووەتەوە. بێگومان کۆتاییهێنان بە داگیرکاریی دەوڵەتی ئیسرائیل و کورتکردنەوەی دەستی حیزبوڵڵا لە ژیان و بژێوی کرێکاران و خەڵکی هەژاری لوبنان، دەتوانێت بۆ ئەوان ببێتە دەرفەتێک لە پێناو تێکۆشان بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیانیان

بەڵام ڕژێمی کۆماری ئیسلامیش کە خۆی تێوەگلاوی شەڕە لەگەڵ ئەمریکادا، بەتوندی دژی واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی لەم چەشنەیە لە لوبنان و بە زیانی خۆی دەزانێت و بۆ تێکشکاندنی تێدەکۆشێت. ئەندامێکی دەستەی سەرۆکایەتی مەجلیسی ڕژێم، ڕۆژێک پاش واژۆکردنی ئەم ڕێککەوتنە وتی: "لوبنان قووڵایی ستراتیژی ئێمەیە. ئەگەر حیزبوڵڵا لە بەیرووت شەڕ نەکات، بێگومان دەبێت ئێمە لە سنوورەکانی تاران و کرماشان و شوێنەکانی تر ڕووبەڕووی سەربازانی ئیسرائیل ببینەوە". کەناڵی تەلەڤیزیۆنیی مەیادین-ی سەر بە حیزبوڵڵاش، لە دژایەتیکردنی ڕێککەوتننامەکەدا لە زاری یەکێک لە بەرپرسانی ئەم حیزبەوە گواستییەوە کە: "دەوڵەتی لوبنان توانای جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنەی نابێت، مەگەر ئەوەی بە پشتیوانی ئەمریکا بچێتە ناو شەڕێکی ناوخۆییەوە لەگەڵماندا. چونکە حیزبوڵڵا هەرگیز چەکەکانی ڕادەست ناکات و لە بەرامبەر هەوڵەکانی دەوڵەتی لوبناندا بەرگری دەکات."

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دەوڵەتی لوبنان و زۆرێک لە حیزب و ڕەوتە سیاسییە لوبنانییەکان و دەوڵەتانی دیکە پشتیوانییان لەم ڕێککەوتننامەیە کردووە و وەک هەنگاوێک بۆ کۆنترۆڵکردنی حیزبوڵڵا و بەهێزکردنی سەروەری دەوڵەت و سەقامگیری سیاسی لە لوبنان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن.

ناتانیاهۆش ئەم ڕێککەوتنەی بە پاشەکشەی حیزبوڵڵای لوبنان و کەمبوونەوەی هەژموونی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی زانی

سەرەڕای ئەمانەش، زۆرێک لە خەڵکی لوبنان و ئیسرائیل لە پاڵ پشتیوانییان بۆ کۆتاییهاتنی شەڕ، سەبارەت بە سەرکەوتنی ئەم ڕێککەوتننامەیە بە گومانن و هێشتا ڕوون نییە کە بەبێ کشانەوەی سوپای ئیسرائیل لە خاکی لوبنان و چەکداماڵینی حیزبوڵڵا، ئەم ڕێککەوتنە چۆن جێبەجێ دەکرێت. ئەو پشتیوانییە داراییە کەمەش کە بەڵێنی دراوە، لە بنەڕەتدا بەهێزکردن و بنیاتنانەوەی سوپا و بنەمای سەربازی دەوڵەتی لوبنانی لەبەرچاو گرتووە و هیچ کرانەوەیەک بۆ باشترکردنی باری بژێوی و کۆتاییهێنان بەو هەژاری و نەهامەتییە ئابوورییەی کە ساڵانێکە خەڵکی لوبنانی خستووەتە ژێر گوشارەوە، دروست ناکات. بەمجۆرە، کرێکاران، زەحمەتکێشان و جەماوەری ڕەنجدیدەی لوبنان، بۆ ڕزگاربوون لە شەڕ و پەلامارە سەربازییەکانی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل، هەروەها بۆ ڕزگاربوون لەو ژیانە پڕ لە مەینەتییەی لەژێر دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی حیزبوڵڵادا لە چوار دەیەی ڕابردوودا ئەزموونیان کردووە، هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان لەبەردەمدا نییە جگە لە پشتبەستن بە هێزی خەباتی یەکگرتووانەی خۆیان و هاوچارەنووسانیان لە ئیسرائیل و ناوچەکە، و ڕاکێشانی هاوپشتی مرۆڤە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی جیهاندا

❊❊❊




**کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی کۆمەڵە بە کاتی تاران :**

دەسپێکی بەرنامەکان، ۱۹:۳۰
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ۱:۳۰
دوپاتەی دەوری دوهەم، ۷:۳۰
دوپاتەی دەوری سێهەم، ۱۳:۳۰

**پێشــــــڕەو**

ئۆرگــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**نوێنه رایه تیی کۆمه ڵه له ده ره وه ی وڵات**
representative@komala.co

**ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب**
international@cpiran.org

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
dabirxane.cpi@gmail.com

**ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
٠٠٩٦٤٧٧١٠٢٨٦١٩٣
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧
٠٠٤٦٧٢٩٠٣٠٦٩٦
٠٠٤٥٦٠٩١١٧٨٢
٠٠٤٦٧٣٧١٦٩٧٤٦